مەکتەبی بیروهۆشیاری

# ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا

نوسینی
**ئیسماعیل شــێخ مــوراد**

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)
سلێمانی ـ گەڕەکی ئاشتی ـ ١٠٤
شەقامی ئاشتی ـ ٣٢ ـ ١٠٣٢
ژ. خانوو ـ ٦٢

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ناوی کتێب: ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا**

**نوسەر: ئیسماعیل شێخ موراد**

**پێداچوونەوەی: د. دلێر محەمەد ئەمین**

**تایپ: کوردستان، هەرێم، شاناز، نیاز، لیزان، جوان**

**دیزاینی ناوەوە: ئەمیرە عومەر**

**بەرگ: ئەحمەدی خۆشنووس**

**چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی**

**ژمارەی سپاردن: (٥٥٠)ی ساڵی ٢٠٠٧**

**تیراژ: (١٠٠٠)**

**ژمارەی زنجیرە: (٢٢٨)**

**لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**پێشکەشە بە:**

***(( سارا ))ی خوشکم، کە بەبیرو نمونەی جوان، سەوزایی بەم بەرهەمە بەخشی.***

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## پێشەکی

پێشکەوتنی زانست لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، بەرامبەر تەواوی سەدەکانی پێشووترە، گیانی زانستی لەم سەدەیەدا ، بریتییەلەا ناسینو بەقووڵ وەرگرتنی ڕێبازەکان. بەواتایەکی تر، دۆزینەوەی زانستی نوێو دەرچوون لەتەمەڵیو نەزانییە.

زۆربوونو فراوان بوونی زانست لەلایەكو ئەنجامی گۆڕانی پێگەی مرۆڤ لەدونیادا لەلایەکی ترەوە ، قەرزارباری داهێنانو فراوان بوونی ڕێبازە جۆراوجۆرەکانە.

مرۆڤ بەهۆی پێویست بوونی دەستەبەرکردنی چالاکییەکانو ئاگادار بوون لە نهێنییەکانی جیهانو پێویستی بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی ژیان، ناچارە زیاتر بزانێتو زیاتر زانیارییەکانی خۆی فراوان بکات. مرۆڤ هەندێك ڕێبازو ئامێری گونجاوی داهێناوە، تا بتوانێت جیهان بەو جۆرەی کە هەیە بناسێت. بەکارهێنانی ڕێبازەکانی توێژینەوە لەقەڵەمڕەوی زانستی مرۆڤایەتیو زانستی سیاسی لەسەردەمە کۆنەکاندا، هەموو کات بابەتی سەرنجی زانایانو توێژەران بووە.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

بەدەست هێنانی زانیاری، پێویستی بە ئامێرو ڕێباز هەیە، هەروەها کاتێك کە توێژەرانو خوێندکاران دەیانەوێ ((بزانن))و نادیارێك بدۆزنەوە، دەبێت ئاگاداری ڕێبازەکانی توێژینەوە بنو هونەری دۆزینەوەی ڕاستییەکانو ناسینی هەقیقەتەکان وەربگرن.

یەکێك لەئامانجەکانی ئەم کتێبە: یارمەتیدانی خوێندکارانە، بەمەبەستی تێگەیشتنو زانینی ڕێبازە زانستییەکانی توێژینەوە، بەجۆرێك، کە بتوانن بابەتی توێژینەوەکانی خۆیان بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگەیەنن.

یەکێکی تر لەئامانجەکانی تری ئەم کتێبە، ئاشنابوونی خوێندکارانە بە چەمك و گۆڕاوەو ڕوانگەی خاوەن تیۆرییەکان لەبارەی تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی گرنگ ، هەروەها ناسینی ڕێبازە زانستییەکانی توێژینەوە بەگشتیو لەبواری زانستە سیاسییەکاندا بەتایبەتی.

ئەم نووسینەی ئێستا لەبەر دەستدایە دەیەوێ بەشێوەیەکی سادەی نووسین ، هەروەها هێنانەوەی ئەو نموونانەی کە لەبواری زانستە سیاسییەکاندا یارمەتی خوێندکارانی قۆناغەکانی بەکالۆریۆسو ماستەر دەدات تاوەکو بۆ شەفاف بوونی یەکەمین قۆناغی توێژینەوە کەڵکی لێوەربگرن .

یەکێك لەبنەڕەتیترین قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە، کە لەزۆرینەی بابەتەکاندا بایەخی تەواوی پێ نەدراوە، ئامادەکردنی شێوازی

پرسیاری لێکۆڵینەوەیە، چونکە ئەم بابەتە یەکێکە لە سەرەتاییترین قۆناغی نووسینی ئەکادیمی. هەر لەبەرئەوەشە کە دەبینین زۆرینەی لێکۆڵینەوەکانمان بەئەنجام ناگات، لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا پرسیارەکەمان دیاری کراو نییەو پرسیارێکمان نەبووە تا زۆرینەی لێکۆڵینەوەکانمان بەرەوتێکی دیاریکراودا بڕوات، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە لەسەرەتای ڕێگەکەیدا ڕووبەڕووی پرسیارێکی نادروست بووەتەوە یان ڕەنگە لەسەر بنەمای پرسیار دانەمەزرابێت.

پرسیاری لێکۆڵینەوە، ڕەوتی ئایندەی کاری توێژینەوە وێنا دەکات. پرسیاری لێکۆڵینەوە، سنورەکانی لێکۆڵینەوەمان بۆ دیاری دەکاتو ئەوەمان نیشان دەدات کە دەبێت لەگەڵ چ بابەتێکدا بین یان لەگەڵ چ بابەتێکدا نەبین. هەندێك لەنوسەران، بایەخیان بەگرنگی پرسیاری لێکۆڵینەوە داوەو زەرووڕەتی بوونی پرسیارێکی ((ڕۆشنو نائاڵۆزیان لەبنەمای کاری خۆیاندا داناوە)). بەبڕوای (کرلینجر)[1] پرسیار دەبێ پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان نیشان بداتو لەهەمان کاتیشدا شەفاف بێتو تاقی بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە لەنێوان ئەم نوسەرانەدا بایەخێکی زۆری پێ دراوە، ((چۆنیەتی گەیشتن بەپرسیارێکی شەفافە)). ئەم نوسینە لەسەر ئەو بنەمایە دەیەوێت تاکتیکەکان بۆ گەیشتن بەشەفاف کردنی پرسیاری لێکۆڵینەوە نیشان

[1] سیف نراقی ونادری. روشهای تحقیق و چگونگی ارز شیابی ا، در علوم اجتماعی. تهران، دفتر تحقیقات وانتشارات بدر، چاپ سیزدهم، ١٣٧٦، ص ٤٩ ـ ٦٠.





بدات،. بەئومێدی ئەوەی کە ئەم باسە کورتە کە دوور لەهەڵە نییە بتوانێت یارمەتی توێژەران بدات بۆ گەیشتن بەڕاستی بابەتو نوسینە زانستییەکانیان.

لەکۆتاییدا نابێت لێرەدا تێبینی و سەرنجەکانی دکتۆر (دلێر محەمەد ئەمین) بەرز نەنرخێنم کە لەم لایەنەوە جێگەی خەمخۆری و دڵسۆزییە ، هەروەها لەم کارەدا کاك (ڕێبوار حەمەتۆفیق) وەك ڕێنماکەرو دڵسۆزێك یارمەتیدەرم بووە و لەنووسینی ئەم بەرهەمەدا هاندەرم بووە ، بەو هیوایەم نمونەیان زۆرتربێت.

نوسەر

بەهاری ٢٠٠٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## سەرەتا

دەڵێن شتێك لەژوورێکا ون بوو بوو، کەسانێکی زۆر بە مەبەستی دۆزینەوەی شتە ون بووەکە، دەهاتنە ناو ژوورەکەوەو دوای دەرگا کردنەوەو لادانی ئەوپەردەیەی کە لەبەرامبەر دەرگاکە هەڵواسرابوو، خەریکی گەڕان بوون. بەڵام کەسیان نەیاندەتوانی شتە ون بووەکە بدۆزنەوە، تەنها یەك کەسیان نەبێت کە توانی بیدۆزێتەوە، ئەویش لێکۆڵەرێکی سەرکەوتوو بوو کە دوای دەرگاکردنەوە یەکسەر پەردەکەی لانەداوو هەر لەخودی پەردەکەوە دەستی پێکرد کە شتە ون بووەکەی لەسەر هەڵواسرابوو، ئەو پەردەیەی کە سەرنجی هیچیانی ڕانەکێشابوو، چونکە یەکسەر بێ سەیر کردنو لێ وردبونەوە لایان دەدا.

چیرۆکی پرسیاری لێکۆڵینەوەش، چارەنووسێکی وەهای هەیە. دۆزینەوەی ئەو شتەی کە لەبنەڕەتا ون بووە، لەقۆناغی داڕشتنی پرسیاردا شاراوەیە. قۆناغێك، کە زۆرینەی خوێندکارانو لێکۆڵەرەوان بە هەند وەری ناگرن. کەسانێکی زۆر لەو بڕوایەدان کە پرسیارێکی تەواویان لەبیردایەو بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن، بەڵام لەڕاستیدا وانییەو ئەگەر وەکو وێنەکەی سەرەوە بێت هیچ کاتێك بەوەڵامێکی شەفاف ناگەن، چونکە لێکۆڵینەوە لەگەڵ گەڕاندا، بۆ ئامادەکردنی





مەکتەبی بیروهۆشیاری

پرسیارێکی ورد دەست دەکات بەگەڕان بە دوای وەڵامدا پرسیارێکی ، کە دیارە ئامانجی لێکۆڵینەوەش بۆ دەستکەوتنی وەڵامی پرسیارێك یان چەند پرسیارێکە.

### پرسیاری بێهودە:

ئەم جۆرە پرسیارە، توێژەر لادەدات لەڕێگای ڕاستەقینەی خۆی. لەم ڕووەوە، دەبێت لەهەموو چالاکییەکانی خۆمان بەتایبەت لەهەڵبژاردنی بابەتدا، بنەماکانی ئابوری بپارێزین هەروەك چۆن شێخ سەعدی دەڵێت:"یەکەم جار سیرەتو ڕەوشتێکی باش بۆ خۆت هەڵبژێرە، دوایی بیر لەپاشایەتی بکەرەوە"[1].

هەروەها پەندێکی ئەوروپی هەیە کە دەڵێت: "باشتر وایە کە مەیموونێکی تەواوبین تا مرۆڤێکی ناتەواو".

بێگومان پرسیاری بێهودە، ئەگەر وەڵامێکی هەبێت، وەڵامێکی بێهودەی هەیە ، بۆ نموونە، کاتێك کەسێك پرسیار دەکات، دەبێت سەرەتا پرسیارەکەی بۆ ڕاست بکرێتەوە وەك :

پرسیار: کچی کام ئیمام لەبیاباندا چەقەڵ خواردویەتی؟

وەڵام: کچ نەبووە، کوڕ بووە. ئیمام نەبووە، پێغەمبەر بووە. چەقەڵ نەبووە، گورگ بووە.

[1] مشرف الدين سعدى،: (بوستان) متن كامل ديوان...، ص ٢٧٥

مەكتەبی بیروهۆشیاری

وتوویانە كە وێنەیەك هەزاران وشە دەدركێنێت و زۆر ئاشكراترە لەچەندین دەربڕینی بێ مەبەست یان لانی كەم ئامانج نەپێكاو، لەم ڕووەوە دەبێت بۆ نمایشكردنی چەمكەكان، سود لەپەیكەرە جۆراوجۆرەكان ، وێنەو نەخشەو خشتەو نمونەكان ونیشانەكانی ماتماتیك وەكو فۆرمۆل یان هاوكێشەكان وەربگرین .

دەبێت زۆر بنوسین و زۆر بخوێنینەوەو بەدەیان جار نوسینەكانی خۆمان (تصحیح) واتە هەڵەبڕی بكەین تا بگەین بەپێنوسێكی بڕشت و نووسینێكی بێ هەڵە.

نوسەرە پسپۆڕەكان هەركامیان ستایلێكی نایابیان هەیە، بەڵام نووسەرە بێ دەسەڵاتەكان هەروەكو یەك دەنووسن[٢]. بێگومان سەلیقەیەك لەكۆمەڵگادا قبوڵ دەكرێت كە لەگەڵ لۆجیك و زمان و بەرژەوەندی خوێنەرەكاندا تەبابێت.

٢ مریم سیف نراقی وعزت الله نادری، همان كتاب، ص ١٨٥.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

## چۆن دەتوانین بگەین بە پرسیارێكی ورد ؟

توێژینەوە، بەتایبەت توێژینەوەی فراوان و توێژینەوەی گروپی، بۆ ئەوەی كە بەباشی بەرەو پێشەوە بچێت، دەبێت لەسەر نەخشەیەك یان بەرنامەیەكی ڕێكخراو و بەردەوام بێت. ئەو پرسیارانەی كە لەخوارەوە هاتوون، زەمینەی نەخشە یان بەرنامەی توێژینەوەكەمان فەراهەم دەكات:

كێ لێكۆڵینەوە دەكات؟ توێژەر كێیە؟ تواناو ئامادەگی ئەو لەچ پایەیەكدایە...؟

بۆچی لێكۆڵینەوە دەكات؟ مەبەستی توێژەر كامەیە؟ خزمەت بەكۆمەڵگا، حەقیقەت دۆستی، وەزیفەی تایبەت...؟ لەبارەی چییەوە لێكۆڵینەوە دەكات؟ بابەتەكە چییە؟ و لەچ ڕوانگەیەكەوەیە، سنورەكانی كامەن....؟

چۆن لێكۆڵینەوە دەكات؟ چ شێوە یان شێوە گەلێك بۆ توێژینەوە شایستەیە؟ خوێندنەوەی كتێب، بینین یان تاقیكردنەوە...؟

لەگەڵ كێدا توێژینەوە دەكات؟ چ كەسانێك بۆ توێژینەوەی هاوكاری دەكەن؟ هاوكار...؟ لەكوێ لێكۆڵینەوە دەكات؟ چ كاتێك بۆ لێكۆڵینەوەی ئەو پێویستە؟ چەند مانگ، چەند ساڵ؟

بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونە كۆنەكانی مرۆڤایەتی، دەتوانین ئەوە قبوڵ بكەین كە ئێستا مرۆڤ ڕێگەی دۆزینەوەی دۆزیوەتەوە. تا

توێژەر بەشێوەیەکی پراکتیکی لەوڕێگەیەوە بەڕێ نەکەوێت، بەرزو نزمییەکانی ئەو ڕێگەیە دەرناکەوێت. هەروەها تا فێرخوازێك بەمەلەوان زانییەوە خۆی نەخاتە ئاوەوە، ناتوانێت ببێتە مەلەوانێکی باش. لەم ڕووەوە نەخشەی توێژینەوە، تەنانەت زەمینەی تیۆری توێژەر ـ هەرچییەك بێت ـ لەڕەوتی پراکتیزەکردنی توێژینەوە لەگۆڕاندا دەبێت.

هەڵبژاردنی بابەت بۆ توێژەرێکی بەئاگا کارێکی دژوارنییە. وتویانە کە "زانا، دەزانێ و دەپرسێت . نەزان، نازانێت و ناپرسێت". توێژەرێك کە بە ئاگاهانە بۆ دەورووپشتی خۆی بڕوانێت، لەهەر لایەکەوە زۆر ڕازگەلی پرسیار دەدۆزێتەوە ، جیهان ئەوەندە سەیر نییە کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە، بەڵکو ئەوەندە سەیرە کە ئێمە بیری لێ ناکەینەوە. بەوتەی (ویلیام شەکسپیر) "لەئاسمان و زەویدا، شتەکان زۆرترن لەوانەی کە تۆ لە فەلسەفەی خۆتداو لەخەودا دەیان بینی"[1]

بیرکردنەوەی قووڵ و بەردەوام و تێڕامانی زۆر لەپرسیارکردندا بۆ بەدەست هێنانی پرسیارێکی گونجاو، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گیانی گشتی لەسەر لێکۆڵینەوەکەمان شەفاف بکرێت. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، دەتوانین سود لەتەکنیکە پراکتیزەکان وەربگرین. ئەم

[1] W. shakes peare: “Hamlet”, Act I, scene 5, Line 16 t, The complete works, p. 1008.





تەکنیکانە، بریتین لەئامرازەکانی بیرکردنەوە نەك خودی بیرکردنەوەی خۆی بن، ئەم تەکنیکانە ئەندێشە ئاسانتر دەکەن و ڕێنمایی پراکتیزە پێشکەش دەکەن.

خوێندکاران بۆ بەدەست هێنانی پرسیارێکی شەفاف، لەم نووسینەدا بەچەند تەکنیکێکی سادە ئاشنا دەبن، کە بێ گومان دەتوانین ئەم تەکنیکانە زیاتر بکەین، بەهۆی زیاد بوونی کێشە تایبەتەکانی خوێندکاران خۆیانەوە، چارەیەکمان نییە بۆیان، تەنها دەتوانین هەندێك تەکنیکی نوێی لێکۆڵینەوەیان بۆ ڕوون بکەینەوە.

### * ئەنجامی شرۆڤە بەرایی و گشتییەکان لەبارەی بابەتی گشتییەوە:.

بێگومان پرسیار کردن هەروا بەئاسانی و لەخۆوە لەبارەی بابەتێکەوە نایەتە ئاراوە، بەڵکو دەبێت پێشینەیك یان زانیارییەکی گشتیمان لەو بابەتەدا هەبێت کە پرسیاری لەسەر دروست دەکەین. خۆ ئەگەر هیچ زانیاریمان لەشتێکدا نەبێت، هەڵبەت پرسیارێکیش لەبارەی ئەو بابەتەوە لەبیرماندا دروست نابێت. بۆنموونە: ئەگەر لەبوونی ئاژەڵێك بەناوی دەیناسۆرەوە لەڕابردوودا بێ ئاگا بین، ئەوا بێگومان پرسیارێکیش لەبارەی چۆنیەتی ژینگەی ئەم ئاژەڵەو تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاژەڵەوە نازانین. واتە ئەگەر لەسەر

پێشینەی بوونی زانیاری گشتی، لاوازی هەبێت، ئەوا ئەنجام بەدەست نایەتو وەکو ئەوە وایە هیچ لەشیکارکردنی هاوکێشەیەکی بیرکارییانە نەزانین، بەڵام ئەگەر هەرچی ئەم زانیاریانە زۆرتربن ئەو کاتە پرسیاری ئێمە وردترو شەفافتر دەبێت، بۆچی؟ چونکە نەزانینەکانو کەموکورییەکانی ئەو مەبەستە، باشتر لەوە ئاگادارمان دەکەنەوە کە چی دەزانینو چی نازانین. هەرچی زانیاری لێکۆڵەر زۆرتر بێت، باشتر دەتوانین بازنەی نەزانینەکانمان دیاری بکەینو باشتر دەتوانین پرسیارەکانمان بخەینەڕوو بۆ لابردنی کەمو کورییەکان. لەم ڕووەوە، بابەتی لێکۆڵینەوە پێویستی بە خوێندنگەیەکی سەرەتایی هەیەو لێکۆڵەریش پێویستی بەوە هەیە کە بەوتارو ئەو کتێبانە ئاشنا بێتو پیایدابچێتەوە تا ئەم زانیارییانە تیایدا بەدەست بهێنێت. ئەم کارەش، لێکۆڵەری سەرەتایی ڕێنمایی دەکات بۆ خستنەڕووی پرسیارێکی شەفاف.

هەروەها ئەو خوێندکارانەی کە بەهەڵبژاردنی بابەتێك یان خستنەڕووی پرسیارێکەوە خەریکن کە خۆیان زانیارییەکی زۆریان لەبارەی بابەتەکەوە نییە، وا هەست دەکەن کە بەر لەئەوان کەسێك بەو بابەتەوە خەریك نەبووەو هیچ سەرچاوەیەك لەو بارەیەوە بوونی نییە، بێ ئاگاییو نەزانینی خۆیان ئەوەی بۆ دروست کردون کە وا بیربکەنەوەو وا پێشهات دانێنو بڕوایەکی لەم جۆرەیان هەبێت.





### * جیاکردنەوەی بابەتی لێکۆڵینەوە لە پرسیاری لێکۆڵینەوە

یەکێك لەو کۆسپانەی کە لەسەر ڕێگەی لێکۆڵەردا هەیە بریتییە لەخلتەی بابەتو پرسیاری لێکۆڵینەوە.

بابەتی لێکۆڵینەوە، گەورەتر، گشتگیرترو بەر فراوانترە لەپرسیاری لێکۆڵینەوە. لەناخی بابەتی لێکۆڵینەوەدا، دەتوانین پرسیار گەلێکی جۆراو جۆر هەڵبژێرین. دەتوانین بابەتی لێکۆڵینەوە، دابەش بکەین بەسەر ئەو بەشە جۆراو جۆرانەی کە هەریەکەیان دەتوانن ئێمە بۆ پرسیارێك ڕێنمایی بکەن. لەم بارەیەوە، هەر لێکۆڵەرێك دەبێت وێنەیەکی لەخەیاڵدا بێت لەبابەتی گشتی بۆ پرسیارێکی دیاری کراو، تابتوانێت لەو ڕێگەیەوە سنووره وردەکانی پرسیار بۆ خۆی دیاری بکات.

زۆرن ئەو خوێندکارانەی کە بێ خستنەڕووی پرسیارێکی ورد و بێ دیسپلین خەریك دەبن، بۆ نموونە خوێندکارێك کە لەبارەی سیاسیەتی دەرەوەی ئەمریکاوە کار دەکات ، دەبێت ئاگای لەوەبێت کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا خۆی لەخۆیدا بابەتێکی گشتییەو بۆ چەندین بەش دابەش دەکرێت.

دەبێت سەرنج لەوە بدرێت کە خوێندنی هەمەلایەنە لەبارەی بابەتێکی گشتییەوە کە لەبەشەکانی دواتردا باسی دەکەین، پێویستی بە ئامانجێکە، واتا پێویستی بەگەڕانە بەشوێن ئامانجێکا کە ئەویش بریتییە لەگەیشتن بە پرسیارێکی دیاری کراو و وردو شەفاف.

ئەمەش پێویستی بە پیاچوونەوەی تەواوی بەشەکانی بابەتە گشتییەکەوە هەیە. ئەو بەشانەی کە هەرکامیکیان پێویستیان بەناسین‌و لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆیەو لێکۆڵەری سەرکەوتوو ئەوەیە کە لەناو ئەو بەشە جیاوازانەدا بتوانێت پرسیارێکی شەفاف‌و دیاری کراو بخاتە ناو بازنەیەکی تایبەتەوە.

لێکۆڵەر دەبێت سەرنجێکی زۆر بداتە ئەم بابەتەو پێداچوونەوەی تەواوی بەشە جیاوازو کەرتە جۆراو جۆرەکانی بابەتێك بکات‌و پێکهاتەیەك لەئەستۆی هەولی بەردەوامی خۆی دابنێت. بەبێ ئەنجام دانی ئەم خاڵانە، لێکۆڵەر خۆی وا لەبەرامبەر زۆرێك لەمەسەلەکاندا دەبینێت کە بەهیچ جۆرێك لەگەڵ یەکتردا پەیوەندییان نییە.

لێرەدا جیاکردنەوەی بابەتەکان بۆ بەشی جیاوازو دیاری کردنی کاری لێکۆڵینەوە بۆ یەك یان چەند پرسیارێکی تایبەت، پێویستی بنەڕەتی‌و سەرەتایی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتییە.

لێکۆڵەر دەبێت بەخستنە ڕووی ئەو پرسیارە جۆراو جۆرانەی کە لەبارەی بابەتێکەوە شروڤە دەکرێن، سەرقاڵ بێت. مەبەست لەو هەوڵە، ئەبجکتیڤیە لەوەدایە کە لێکۆڵەر، لێکۆڵینەوەکەی خۆی سنووردار بکات‌و خۆی بخاتە ناو "زیندان"ی پرسیارێك‌و بۆ چارەسەرکردنی قاچی لەو بازنەی "زیندان"ە زۆرتر ڕانەکێشێت.





بۆنموونە، خوێندکارێکی نوێ دەیەوێت لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی کەسێك بەناوی (دەروون موراد) ەوە ئامادە بکات، لەیەکەمین هەنگاودا، دەبێت ئەو شێوازو کەرتە جۆراو جۆرانەی کە لەبارەی (دەروون موراد)ەوەیەو ئەم دەیەوێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات، بناسێت. ئایا دەیەوێت لەبارەی ماڵ‌و خێزانیانەوە لێکۆڵینەوە بکات؟ یان لەبارەی بارودۆخی ئابوورییانەوە؟ ئایا بەخەسڵەتە دەروونییەکانی ئەوەوە خەریك دەبێت یان خەسڵەتە فیزیکییەکانی ئەوەوە؟ دوای ئەم دابەشکردنە (کە تاڕادەیەك دیاری کراوە)، بابەتەکە دەناسرێت. گریمانەی ئەوە دادەنێین کە خوێندکارێکی گەنج بابەتەکەی خۆی لەسەر خەسڵەتە فیزیکییەکانی (دەروون موراد) داناوە. لێرەدا قۆناغێکی تر لەشەفاف بوون‌و بابەتی ناو بازنەکە دەست پێدەکات ئەویش ئەوەیە کەئایا لەبازنەی خەسڵەتە فیزیکییەکانی (دەروون موراد)ەوە، چەند شێوازو چەند بەشی جیاواز دەدۆزرێتەوە؟ ئایا لەبارەی باڵاو کێشی ناوبراو یان ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی کورتی یا بەرزی، قەڵەویی یان لاوازی ئایا چاوو قژ یان گۆنا یان لووتی چۆنە؟......

دوای ئەوە کە بەشێوەیەکی تەواو لەسنووری دیاری کراوی خۆیدا پەردەی لەسەر ئەو نهێنیانەدا لادا، دەتوانێت سەبارەت بەلێکۆڵینەوەکە هەندێك پرسیار لەم بابەتانە هەڵبژێرێت:

١- ڕەنگی چاوی دەروون چۆنە؟

٢- باڵای دەروون چەند سانتیمەترە؟

٣- کێشی چەندە؟

ئەگەر خوێندکارێك بیەوێت لەم نمونە سادەیەدا تەنها پرسیارێك هەڵبژێرێت. (وەکو ڕەنگی چاوی دەروون موراد چۆنە؟) دەبێت ئەوە بزانێت کە نابێت لەبارەی باڵاو کێش‌و مووچەی مانگانەیەوە خەریك بێت. ئەگەر پرسیارگەلێکی لەبارەی چاوی دەروونەوە خستە ڕوو، نابێت وەڵامێك لەبارەی برژانگی ئەوەوە وەرگرێت هەرچەندە ئەم دوو ئەندامە لەیەکەوە نزیکن.

ئێستا لەم وتارەدا بەخستنە ڕووی نمونەیەکی بەرجەستە تر لەم باسە دەکۆڵینەوە. بەڵام بەرهەمی ئەم نموونەیەیان، بەسادەترین شێوەی بەردەست بۆ خوێندکار ڕوون دەکاتەوە کە یەکەمجار بەو پرسیارانەوە خۆی سەرقاڵ نەکات کە خلێتێکی زۆریان تیایەو دووهەمیش، زەروورەتی جیاکردنەوەی بابەتی گشتییە لەپرسیاردا.

ئامانجی بنەڕەتی ئێمە لەجیاکردنەوەی کەرت بە کەرتی شێوازە جۆراو جۆرەکانی بابەت، گەیشتنە بە چەند پرسیارێکی شەفاف، کە ئێمە لەناو بازنەیەکی دیاری کراودا دادەنێت تا دوای هەڵبژاردنی چەند پرسیارێك، خۆمان دووردەخەینەوە لە ئەو پرسیارانەی کە هیچ پەیوەندییەکی بەبابەتەکەمانەوە نییە.

ئەم دابەشکردنە، بەو واتایە نییە کە دەبێت لێکۆڵەر تا ئەو ڕادەیە بەشیکردنەوەی بابەتەکانەوە خەریك بێت کە نوقم بێت



ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا

لەوردەکارییەکانداو لە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی پێکهاتەکاندا بمێنێتەوە، بەڵکو مەبەستی بنەڕەتی لەمە دیاری کردنی لۆجیکی سنوورەکانی کاری لێکۆڵینەوەکەیە.

شەفاف کردنی پرسیار، بە واتای پارچە پارچە کردنی پێکهاتەکە نییە، لێکۆڵەر پێویستە خۆی لەپارچە پارچە کردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بەدوور بگرێت، لەبەرئەوەی ئەم شێوازە دەبێتە هۆی کەموکوڕی لەڕادە بەدەری ناسین‌و دووربوون لەڕاستی "کەسانێك بە هەڵە بیریان کردووتەوە، کە مەبەست لەمەسەلەی دیاری کراو مەسەلەیەکە زۆر تەسك، مەسەلەی دیاری کراو، مەسەلەیەکە کە سنوورێکی دیاریی فراوان یان تەسکی هەبێت"[1]

کاتێك لەباس‌و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵینەوە، چەند زۆرن ئەو وەڵامانەی کە پەیوەندییان بە پرسیارەکانەوە نییە، بۆ نموونە، پرسیارێك کە پەیوەندی بە ناکۆکییەکانی نێوان ئێران‌و ئیماراتەوە هەیە، لەسەرهەرسێ دورگەی کەنداویی فارس‌و پەیوەندییان بەئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئێرانەوە هەیە، بەو وەڵامەی کە تەنیا بەخستنەڕووی مێژووی دورگەکان ڕووبەڕوو دەبینەوە یا ئەوەی کە ئەم پرسیارە تەنها سەر بەبابەتە ئاسایشییەکانە، بەڵام هیچ کام لەوەڵامەکان پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاوەکە واتا پەیوەندی قەیرانی سێ دورگەکەو ئاسایشی نەتەوەیی ناخەنەڕوو.

[1] ئاریانپوور، امیر حسین، پژوهش، تهران، امیر کبیر ١٣٦٢. ص ٢٣

مەکتەبی بیروهوشیاری

## خشتەی ١

## وەڵامە جیاوازەکانی پرسیارێك

| پرسیار | وەڵام | دروست | نادروست |
|---|---|---|---|
| قەیرانی دورگە سێکوچکەییەکان لەکەنداوی فارسو پەیوەندی یان لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئێراندا | وەڵامی یەکەم - خوێندنەوەیەك لەمێژووی دورگە سێکوچکەییەکان لەکەنداوی فارس | | X X |
| | وەڵامی دووهەم - خوێندنەوە وسەرقاڵ بوون بە مەسەلە گشتییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئێران | | X X |
| | وەڵامی سێهەم - باسکردن لەپەیوەندی کێشمەکێشی دوورگە سێکوچکەییەکانو ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئێران لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران | X X | |





مەکتەبی بیروهوشیاری

لێکۆڵەرێك کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی خۆی لەئاسایشی نەتەوەییو شێوازە جۆراوجۆرەکاندا لەیەکتر جیانەکردوەتەوە، نازانێت کە ئایا کار لەسەر هەرەشە ئاسایشییەکان یان لەسەر زانیارییەکان بکات، یان لەبارەی بابەتە فەرهەنگییەکانو ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئێران، یان لەسەر کەمینە نەتەوەییەکانو کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی (هەڵبەتە هەرکام لەم جیابوونەوانە دەتوانرێت دابەش بکرێت بۆ چەند بەشێکی بچوکتر؟

### * جیاکردنەوەی کاتی:

لەم شێوە جیاکردنەوەیەدا، لێکۆڵەر، دەتوانێت گرنگی بدات بەهەڵبژاردنی کاتێکی دیاری کراویی مێژوویی (واتا کاتێکی دیار لەسەر بابەتێکی دیاری کراو، زۆرێك لەبابەتەکان دەتوانرێت لەرێگەی گەرانێکی مێژوویی، لەکاتێکی جیاوازدا ببینرێت، بۆ نمونە چالاکییەکانی مێژووی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەئێراندا زۆرتر لە ٤٠ ساڵە تێپەربووە، کە دەتوانین خوێندنێکمان لەسەری هەبێت لەساڵەکانی ١٩٥٣ تا ١٩٧٨ زایینی، هەم دوای شۆرشی ئێرانو هەم دوای جۆزەردانی ١٩٩٧ زایینی. ئەم بابەتە دەتوانرێت بەجۆرێکی تر جیا بکرێتەوە. بەم چەشنە کەسایەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا لەکاتی هەریەك لەسەرکردەکانی .........

لێکۆڵەر، دەبێت گرنگی بدات بەبابەتەکەی لەسەر بنەمای لۆجیکی جیاکردنەوەی کاتی، بۆ نمونە، بڕوا دەکرێ بەوەی کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی (ڕێگان)دا جیاوازییەکی ڕواڵەتی یان ناوەڕۆکی لەگەڵ سەردەمی (کارتەر)دا هەبووە، چونکە هەر یەك لەم دوانە، نوێنەری ڕەوتێکی سیاسی تایبەت لەئەمریکا بوون، بەڵام ئەم بنەما لوجیکییە بۆ نمونە لەجیاکردنی کاتەکاندا بڵێین یەکەم ساڵی سەرۆك کۆماری(ڕێگان) لەگەڵ ئەوانەی دواییدا، زۆر بەرجەستەو لەبەرچاو نییە.

## * جیاکردنەوەی بابەتی

جۆرێکی تر لەجیاکردنەوە، بریتییە لەجیاکردنەوەی چەمکی یان بابەتی. لەم جیاکردنەوەدا، بابەتو ناسنامەی بەشە جۆراوجۆرەکان، ڕێنمایمان دەکات بۆ جیاکردنەوە. لەنمونەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، لەپەیوەندی لەگەڵ ئێراندا، دەتوانین بەخوێندنی ئەم سیاسەتە لەبەشەکانی سیاسی یان کەلتوری یان ئابووری یان سەربازی هەوڵ بدرێت، کە هەڵبەتە هەریەکێکیان شیاوی جیاکردنەوەیە، بۆ نمونە، سیاسەتی ئابوری ئەمریکا لەگەڵ ئێراندا حەوزێکی بەرفراوان دەگرێتە بەر وەکو:

- هەوڵی ئەمریکا بۆ بەر تەسك کردنی پەیوەندی ئابوری ئێرانو کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو.



رێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا

- سیاسیەتە نەوتییەکانی ئێران بۆ گۆڕانی نرخی نەوت.
- یان سیاسەتی ئەمریکا بۆ فشار خستنەسەر بانکی جیهانی لەسەر پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا. بەڵام، بۆ نمونە، سیاسەتی ئابووری ئەمەریکا لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا لەبارەی ئەوەی کە پەیوەندی بەبازرگانی قاوەوە هەیە، جیاوازە لەگەڵ سیاسەتی ئابووری ئەمریکا لەپەیوەندی لەگەڵ کۆماری ئێراندا. جیاوازی بابەتی هەندێك جار دەتوانێت کاتێکی زەمەنیو مێژوویی بەرفراوان بخاتە بەرچاویی لێکۆڵەر. بۆ نمونە، بۆ خوێندنی پەیوەندی نێوان فەرهەنگو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، لێکۆڵەر دەتوانێت کاریگەری کەلتوری ئەمریکا لەسەر سیاسەتی دەرەوە لەسەردەمی شەڕی ساردا توێژینەوە بکاتو بەئەنجامێکی مێژوویی بگاتو چۆنیەتی ئەم کاریگەرییە بناسێت.

## * جیاوازی لەڕووی جۆرەوە:

جۆرێکی تر لەجیاوازی کە لەبابەتەکانی زانستی کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکرێت، جیاوازی شوێنو جوگرافیایە. لێکۆڵەر دەتوانێت لێکۆڵینەوەی خۆی لەسەر چەندین خاڵی جوگرافیایی دیاری کراو یان لەسەر سیستەمێکی سیاسی تایبەت، دەربخات. بۆ نمونە، شرۆڤەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەپەیوەندی لەگەڵ حەوزێکی دیاری کراو لەبنەمای کاری خۆیدا ئەنجام بدات، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا

لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەعێراق، یان ئەمریکای لاتینو....

### * جیاوازی چەند جۆرە:

لەم جۆرە جیاوازیانەدا، لێکۆڵەر دوو یان چەند جیاوازی پێکەوە لەبابەتەکەی خۆیدا ئەنجام دەداتو بەم چەشنە شێوە جۆراوجۆرەکانی بابەتێك دیاری دەکات. بۆ نمونە سیاسەتی کەلتوری ئەمریکا لەپەیوەندی لەگەڵ ئێراندا لەسەردەمی سەرۆك کۆمار(بیل کلینتون)دا.

یەکەم، جیاوازی جوگرافیایی ئەنجام دەدرێت، واتا دوو نمونەی جوگرافیایی تایبەت هەڵدەبژێرینو سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبارەی یەکێکیانەوە واتا بازنەیەکی جوگرافیایی دەخوێنینەوە.

دووهەم: بەهەڵبژاردنی سیاسەتی کەلتوری ئەمریکا سەرگەرمی جیاوازی بابەتی دەبین.

سێیەم: دابەش کردنی کاتەکان، لەگەڵ هەڵبژاردنی سەردەمی فەرمانڕەوایی کلینتۆندا بەدەست دێت. لێرەدا ئەوەی کە سەرنجی دەدرێت، ئەوەیە کە مەبەستی سەرەکی ئێمە لەباس کردنی جیاوازی دیسیپلینو ڕێکخستنی بیرو ئەندێشەیە. ڕیزبەندکردن لەبیردا چوارچێوەیەکە بۆ بیرکردنەوەی لۆجیکی، کە خۆی قۆناغێکی قوڵترە لەلێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی.





بێ گومان، ڕێکخستن، دیاری کردنی جوگرافیایی بابەتی، چوارچێوەی ئەندازیاری بیرۆکەی کۆمەڵایەتیو.......... یارمەتییەکی شایستەمان دەدات.

ئاشکرایە کە دوای دیاری کردنی سنووردارییەکانو کەرت کەرت کردنی لۆجیکی بابەتەکانو دەرهێنانو دۆزینەوەی پرسیارە جۆراوجۆرەکان، دەتوانین بگەین بەکۆمەڵێك لەو پرسیارانەی کە پەیوەندی ناوەڕۆکیانەیان هەیە بەبابەتەکەوە. جیاوازیو کەرت بەندی پرسیارەکانە، کە لێکۆڵەری نوێکار لەئاڵۆزیو سەرگەردانی ڕزگار دەکات. بێ گومان لێکۆڵەری پسپۆڕ بەدروست کردنی پردێك لەسەر جیاوازییەکان بەخێرایی دەتوانێت پرسیارگەلێکی جۆراوجۆر لەچوارچێوەی بابەتێکی بەرفراواندا بخاتەڕوو، کە ئەمیش پێویستی بەزاڵبوونی لێکۆڵەرەوە هەیە لەسەر بابەتەکە.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**قۆناغی یەکەم: شەفاف کردنی پرسیاری لێکۆڵینەوە**

| بابەتی گشتی | قۆناغی یەکەم: جیاوازییە جۆراوجۆرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا |
| --- | --- |
| سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | أ/ لایەنە سەربازییەکان.<br>ب/ لایەنە فەرهەنگییەکان.<br>ج/ لایەنە ئابورییەکان.<br>د/ .... |

مەكتەبی بیروهۆشیاری

لەدواهەمین قۆناغدا، لێكۆڵەر لەسەر یەكێك لەلایەنەكانی سەرەوە دەكۆڵێتەوە. بۆ نمونە: لەسەر مەیلی خۆمان لایەنەكانی كەلتوری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا هەڵدەبژێرێتو بەشیكردنەوەی خاڵ بەخاڵییەوە خەریك دەبێت. ئەو ڕەگەزانەی كە كاریگەریان لەسەر كەلتوری سیاسی ئەمریكاو ڕەنگدانەوەیان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكاوە هەیە، ئامرازەكانی كەلتوری لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا، لێكدانەوەو لایەنەكانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا لەگەڵ فەرهەنگەكانو شارستانییەتەكانی دژی، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكاو ئاخاوتنی شارستانییەتەكانو... هتد.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

**خشتەی ژمارە ( ٣ )**

**قۆناغی دووهەمی شەفاف كردنی پرسیار**

| بابەتی گشتی | قۆناغی یەكەم: جیاوازییە جۆراوجۆرەكانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا | قۆناغی دووەم: جیاوازییە جۆراوجۆرەكانی چینە كەلتورییەكانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا |
|---|---|---|
| سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا | أ/ ...<br>ب/ لایەنەكانی كەلتوری<br>ج/ ...<br>د/ ... | أ/ ڕەگەزە كاریگەرەكان لەسەر كەلتوری سیاسی ئەمریكاو ڕەنگدانەوەیان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا.<br>ب/ ئاوازە كەلتورییەكان لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا.<br>ج/ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكاو گفتوگۆی شارستانییەتەكان. |

لەقۆناغێكی تری كاری لێكۆڵینەوەمان، كاری شەفاف كردنو دیاری كردنی پرسیاری لێكۆڵینەوەكەمان بەهەڵبژاردنی یەكێك لەگرنگییەكانی قۆناغی دووەم دەست پێدەكەین، بۆ نمونە بەخواستو مەیلی خۆمان بەشی (أ) هەڵدەبژێرین واتا ((ئەو ڕەگەزانەی كە كاریگەرییان لەسەر كەلتوریی سیاسی ئەمریكاو

ڕەنگدانەوەیان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكاوە هەیە)) هەنگاوی ترمان بریتییە لەژماردنی كەلێنە جۆراوجۆرەكان و ڕەنگە ئەم بابەتە لەشێوازێكی گشتییەوە هاتبێتە دەرەوەو تارادەیەكی زۆر، لەپرسیارێكی شەفاف نزیك دەبێت. بەلام لێكۆڵەر دەتوانێت بۆ ڕوونكردنەوەی زۆرترو پراكتیزەكردنی پرسیار، لەدۆخێكی تایبەتو گونجاودا دابنێتو بەتێڕوانینو هەڵبژاردنی چەند ڕەگەزێك لەكەلتوری سیاسی ئەمریكاو پەیوەندی ئەم ڕەگەزانە لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا خوێندنەوەیەك ئەنجام بدات.

ڕەگەزەكان لەكەلتوری سیاسی ئەمریكادا شایانی ناسینن: لیبرالیزم، ئیندیفیجوالیزم Individualism تایبەتی ئەمریكایی، ئەندێشەی سەرۆك گەرایی لەنێوان ئەمریكاییەكانداو مەیلیان بۆ سەركردایەتی كردنی جیهان.





**خشتەی ژمارە (٤)**

**قۆناغی سێهەم دروستكردنی شەفافییەت لە پرسیاردا**

| بابەتی گشتی | هەڵبژاردنی قۆناغی یەكەمی جیاكردنەوە | هەڵبژاردنی قۆناغی دوهەمی جیاكردنەوە | هەڵبژاردنی سێهەم، هەڵبژاردنی چەند ڕەگەزێك لەكەلتوری سیاسی ئەمریكا |
|---|---|---|---|
| سیاسەتی دەرەوەی ئەمریكا | أ/ ...<br>ب/ ریشەكانی كەلتوری<br>ج/ ...<br>د/ ... | أ/ ڕەگەزە كاریگەرەكان لەكەلتوری سیاسی ئەمریكا<br>ب/ ...<br>ج/ ...<br>د/ ...<br>ه/ ... | كاریگەری ئەندیۆیدۆئایسمی تایبەتی ئەمریكایی، لیبرالیسم، ئەندێشەی سەرۆك گەرایی لەنێوان ئەمریكاییەكانداو مەیلیان بۆ سەركردایەتی كردنی جیهان. |

نمونەکانی خوارەوە، بەشێوەیەکی بابەتی جیاوازییەکانی سەرەوە نیشان دەدات: لێکۆڵەر سەرەتا بابەتێکی گشتی هەڵدەبژێرێت کە بریتییە لەسیاسەتی دەرەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. زۆر ئاساییە کە هەندێك کۆمەڵە بازنەی جۆراوجۆر لەسەر لێکۆڵەرێکی خوێندکار دروست بکات کە ڕێگەی ئەوەی پێ نادات بەتەواوی شێوەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەربخات. لەم ڕووەوە، خوێندکار دەتوانێت کاری خۆی لەچوارچێوەیەکی دیاری کراوو بازنەیەکی تایبەتدا، ئەنجام بگەیەنێت، تا بتوانێت بەباشی لەلێکۆڵینەوەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بێت. بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە، دەبێت بابەتی لێکۆڵینەوەی کاری خۆی لەچەند قۆناغێکدا دیاری بکات، بەجۆرێك کە هەر قۆناغێك لەقۆناغێکی تر دیاری کراوترو کورتتر بێت.

لەم ڕووەوە، لەیەکەمین قۆناغدا هەندێك لەجیاوازییەکانی ئەم نمونەیە بریتین لە: لایەنی کەلتوری، لایەنی سەربازی، لایەنی ئابووری و...

دوای تێپەرکردنی سێ قۆناغە ناوبراوەکان، تێدەگەین لەکاریگەریی سێ ڕەگەزە کەلتورییەکە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. بەلام لەڕاستیدا ئایا بە پرسیارێکی شەفاف و وردکراو گەیشتووین؟ ئەمە، پرسیارێکە کە لێکۆڵەر دەبێت هەمووکات لەبیری خۆیدا دایبنێت کە ئایا لەبابەتی گشتی دەرباز بووین؟





ئەگەر وەڵام نێگەتیڤە، ئایا پرسیارەکەمان ئەو کاتە دیاریکراوەی پارێزراوە؟ بەشێوەیەکی تر دەمانەوێت کاریگەری ڕەگەزە سیانییەکان لەسەر چ بڕگەیەکی کاتی شرۆڤە بکەین؟ ئایا بەکاریگەری ڕەگەزە سیانییەکانی سەرەوە لەدوو سەد ساڵی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا دەکۆڵینەوە؟ یا ئەوەی بۆ نمونە خۆمان سنوردار بکەین لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەردەمی سەرۆك کۆمار (ڕۆزفلت)، (بوش) یا(کلینتون)دا.

باشترە کە لێکۆڵەر خۆی بخاتە ناو بازنەیەکی کاتی دیاری کراو تا بتوانێ بەباشیو بەخێرایی کارەکانی خۆی ئەنجام بدات. لێکۆڵینەوە، بۆ ئەوەیە کە هەڵبژاردنی بازنەیەك لەوردبینی، لە کارەکە کەم دەکاتو کاتێکی زۆریش دەکوژێت.

**خشتەی ( ٥ )**

**چوارەمین قۆناغی شەفافەکردنی پرسیار**

| بابەتی گشتی | قۆناغی یەکەم | قۆناغی دووەم | قۆناغی سێهەم | قۆناغی چوارەم/ دیاری کردنی بازنەیەکی کاتی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| // // | // // | // // | // // | کاریگەری سێ ڕەگەزەکە لەکەلتوری سیاسی ئەمریکا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەکاتی جۆرج بوشدا |

لێرەوە بەپرسیارێکی شەفافو پەسەند کراو گەیشتووین، بەڵام پێویستیمان بەبیرهێناوەی ئەوە هەیە کە دیسان لێکۆڵەر دەتوانێت پرسیارەکانی بخاتە بازنەیەکی تەسکترو گونجاوتر یان لەسەر سیاسەتێکی تایبەتو بەپرسیارێتییەکی تایبەتی بڕوات.

**خشتەی ( ٦ )**

**پێنجەمین قۆناغی شەفاف کردنی پرسیار**

| بابەتی گشتی | قۆناغی یەکەم | قۆناغی دووهەم | قۆناغی سێهەم | قۆناغی چوارەم | قۆناغی پێنجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| //<br>// | //<br>// | //<br>// | //<br>// | //<br>// | کاریگەری سێ ڕەگەزی کەلتوری سیاسی کۆمەڵگای ئەمریکا لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەکاتی جۆرج بووش: ڕێکخەری پڕوپاگەندەی نوێ جیهانی. |





**دابەش بوونی پرسیارەکان بۆ پرسیاری لاوەکی**

تێپەڕکردنی بابەت بۆ پرسیار، بۆ ئەوەیە کە بابەت دابەشو جیا بکرێتەوە. بەڵام لێکۆڵەر دەتوانێت بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرتر بەتایبەت بۆ ئاسانکاری لەکاری وەڵامدانەوەدا، پرسیاری خۆی دابەش بکاتو جیایان بکاتەوە لە پرسیارە لاوەکییەکان. ڕەنگە هەندێك لەپرسیارەکان جیانەکرێنەوە بەپرسیارێکی لاوەکی، لەم ڕووەوە نابێت هەوڵ بدەین کە لەڕێگەی دروستکردنی پرسیاری بێ هودەو لاوەکییەوە ون ببین. لێرەوە لێکۆڵەر، هەوڵ بۆ ناسینو جیاکردنەوەی ورد بە وردی پارچەکانی پرسیاری خۆی دەدات، پاشان بنەڕەتیترینو بناغە ترین بەشی ئەو پرسیارە دیاری دەکات، بۆ نمونە لێکۆڵەرێك دەیەوێت کاریگەری تەلەفزیۆن لەسەر پرۆسەی بەر فراوان بوونی سیاسی لەعیراقدا شرۆڤە بکات، ڕەگەزی یەکەمی پرسیارەکە بریتییە لەکاریگەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆن لەسەر جەماوەرو ڕەگەزی دووهەم بریتییە لەبەر فراوانی سیاسی لەعیراقو ڕەگەزی سێیەم، کە ڕەگەزی بنەڕەتی پرسیارو بنەمای لێکۆڵینەوەکەیە، بریتییە لەپەیوەندی نێوان (تەلەفزیۆنو بەرفراوانی سیاسی) لێرەدا لێکۆڵەر ناچاردەبێت کە هەندێك پرسیاری لاوەکی وەڵام بداتەوە: وەکو پرسیارەکانی:

أ / تا چ ڕادەیەك جەماوەر تەلەفزیۆن بەکاردەهێنێت؟

ب/ جیاکردنەوەی جەماوەر بۆ گروپە کەمینەو کۆمەڵایەتییەکان دواییش وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە هەریەك لەگروپە کەمینەکان یا چینە کۆمەڵایەتییەکان تا چ ڕادەیەك تەلەفزیۆن بەکاردەهێنن؟

ج/ جیاکردنەوەی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن لەڕوانگەی بابەتیو وەڵام دانەوە بەو پرسیارەی کە کام لەگروپە ناوبراوەکان گوێ لەبەرنامە سیاسییەکانو کۆمەڵایەتییەکانی تەلەفزیۆن ڕادەگرن یان دەیبیستن؟

لەلایەکی ترەوە بۆ وەڵامدانەوەی بەشی دووەهەمی لێکۆڵەر واتا بەرفراوانی سیاسی، دەبێت هەندێك پرسیاری لەم جۆرە بخاتە ڕوو:

د/ بەرفراوانی سیاسی واتای چییە؟

ه/ مەبەست لەبەرفراوانی سیاسی لەعیراقدا چییە؟

و/ ئایا مەبەست لەبەرفراوانی سیاسی بەشداری کردنی زۆرینەی جەماوەر لەدەسەڵاتی سیاسییە؟ یان بۆ وەڵامدانەوەی بەشی بنەڕەتی پرسیارەکە واتا تێگەیشتنی پەیوەندی تەلەفزیۆنو بەرفراوانی سیاسی، دەتوانین هەندێك پرسیاری دیکە هەڵبژێرین:

ز/ ئایا ڕادەی بەکارهێنانی تەلەفزیۆن لەلایەن جەماوەرەوە لەگەڵ زانیاری ئەوان لەیاسا کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان پەیوەندییەکی واتاداری هەیە ؟ یان ئایا هەرچی جەماوەرە زۆرتر تەلەفزیۆن بەکاربهێنن، لەیاسا سیاسییەکانی خۆیان ئاگادارتر دەبنەوە؟





ح/ ئایا ئەم زۆربوونی زانیارییە بە زۆربوونی داواکارییە سیاسییەکانی هاووڵاتیان دەگات؟

گ/ ئایا ئەم داواکارییانە لەدواییدا بە بەشداری کردنی ئەوان لەدەسەڵاتی سیاسی بە ئەنجام دەگات؟ چۆن؟

خشتەی خوارەوە بابەتەکانی سەرەوە نیشان دەدات:

**خشتەی (٧)**

**پرسیاری بنەڕەتیو پرسیارە لاوەکییەکان**

| کاریگەری بەرنامەکانی تەلەفزیۆن لەسەربەرفراوان سیاسی لەعیراقدا | | |
|---|---|---|
| بەشی دووەهەمی پرسیار (پرسیارە لاوەکییەکان الف، ب، ج) | بەشی یەکەمی پرسیار (پرسیارە لاوەکییەکان د، ه، و) | ڕەگەزی بنەڕەتی پرسیار (پرسیارە لاوەکییەکان ز، ح، گ) |

## * شێوازەکانی پرسیار

یەکێکی تر لەڕەوتەکانی شەفاف کردنی پرسیار ئەوەیە کە لێکۆڵەر هەوڵ بدات کە تا ئەو ڕادەیەی کە دەتوانێت بابەتی تایبەتی خۆیو مەسەلە بنەڕەتییەکانی لێکۆڵینەوەکەی، بەشێوەی ڕستەیەکی پرسیاری دابڕێژێت. ئەم کارە پرسیاری لێکۆڵینەوە دیاری دەکاتو ناوەندیەتی پێ دەدات.

- مەسەلەی لێکۆڵینەوە بۆ خستنەڕووی پرسیاری: بەرفراوانی سیاسیو ئاسایشی نەتەوەیی.
- بەرفراوانی سیاسی چۆن دەتوانێت ببێت بەهۆی هێزی ئاسایشی نەتەوەیی؟
- ئایا بەرفراوانی سیاسی دەتوانێت ببێت بەهۆی زۆر بوونی بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی؟

لەنمونەی یەکەمدا، خستنە ڕووی یەکەمین مەسەلەی لێکۆڵینەوە شێوازێکی پرسیاری نییەو ناوەندیەتی پرسیار نادیارە، لەکاتێکدا لەپرسیاری دووهەمدا، لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە بەرفراوانی سیاسی دەتوانێت بە ئاسایشی نەتەوەیی بگوترێت. دەبێت چۆنیەتی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بە ئامرازی بەرفراوانی سیاسیدا نیشان بدرێت. لەپرسیاری سێیەمدا. پێویستییەکی وەها لەپرسیاردا بوونی نییە، لەدواییدا دەبێت بەدوای سەلماندنی پاراستنی بنەڕەتی بەرفراوانی سیاسی بچێت.

هەڵبەتە کاتێك کە شێوەی پرسیاری لێکۆڵینەوە دەرفەتی شەفاف کردنی هەبێت، پێویستی بەوە نییە کە مەسەلەی لێکۆڵینەوە شێوازێکی پرسیاری هەبێت.

شێوازی کردنی مەسەلەی لێکۆڵینەوە بەشێوەی ڕستەیەکی پرسیاری دەرفەتی ئەوە بۆ لێکۆڵەر دەرەخسێنێت کە بگات بەوەڵامێکی سەرەتایی لەلایەكو لەلایەکی تریشەوە یەکێتیو





یەکگرتوویی لێکولینەوەکە بپارێزێت. پرسیاری لێکۆڵینەوەو وەڵامەکەی بۆ لێکۆڵەر ڕۆڵێکی بنچینەییو مەبەستدارانەی بۆ گەشتیار هەیە.

((بەخستنەڕووی پرسیارییێکی شەفاف، لێکۆڵەر دەتوانێت شوێنو خاڵی دەست پێ کردنی خۆی بناسێتو بەخستنەڕووی وەڵامێکی سەرەتایی دەتوانێت هەم دارشتنێکی گشتی لەشوێنی پرسیارەکەی نیشان بداتو هەم پەیوەندی بەشەکانو ڕەگەزەکانی کاری لێکۆڵینەوەکەی لەقۆناغەکانی دواتردا گرنگی پێ بدات))[1].

زۆرینەی خوێندکاران ئەو ڕۆڵەی کە لە وەڵامە سەرەتاییەکانیاندا لەسەر شەفاف کردنی پرسیارەکانی خۆیان هەیانە، ئەوە لەبەر چاوناگرن. وەڵامی سەرەتایی لەسەربنەمای زانیاریو زانیاری کاتیو لاوازو دیاری کراو پێشنیار دەکرێت. ئەم وەڵامانە تەنیا کاتێك پەسەند دەکرێت کە لەسەر لێکۆڵینەوەیەکی تەواو کرابێت لەڕاستیدا، ئەوەی کە چ ئەنجامێك لە لێکولینەوەکەدا بەدەست دێت لەڕوانگەی میتۆدولۆژییەوە گرنگییەکی بنەڕەتی پێ نەدراوە، ئەوەی کە لەڕێبازی لێکۆڵینەوەدا گرنگە، چۆنیەتی گەیشتن بەئەنجامێکە، بۆ نمونە پرسیاری ئێمە وەها دەست پێدەکات:-

[1] ریمون کیوی، لوك وان کامپنهود، روش تحقیق در علوم اجتماعی، ج ٢، ترجمه عبدالحسین نیک گهر (تهران نوبهار، ١٣٧٠)، ص ٦٠.

بـــەرفراوانی سیاســـی چـــۆن دەتوانێـــت ببێتـــە هـــۆی ئاسایـــشی نەتـــەوەیی؟ یـــەکێك لـــە وەڵامـــە ســـەرەتاییەکان دەتوانێـــت ئـــەوەبێ کەبەرفراوانی سیاسی لەگەڵ زۆربوونی بەشداریکردنی، بەشێکی زۆر لـــەهاووڵاتیان لەدەســـەڵاتی ئـــابووری یـــان دەســـەڵاتی سیاســـییەوە، پابەنـــدیان دەکـــات بەدەوڵەتـــەوە، لەدواییـــدا بەشـــێکی گـــەورە لـــە هاووڵاتیان سوودو داواکارییەکانی خۆیان لەگەڵ سیستەمو حکوومەتدا بەهاوبەش دەزانن، ئەم کارەش لەجێگەی خۆیدایە بەهۆی ئەوەی کە پـــشتگیری لەحکومـــەتو دەســـەڵات بکـــەن. لـــە حاڵەتێکـــدا ئەگـــەر هاووڵاتیان بەشێك لەدەسـەڵاتیان نـەبێتو لـە دۆخـی پێوەندیـدار بـە چاکسازی لە کۆمەڵگادا بەشداری نەکەن. نەبوونی خۆشەویـستیان بـۆ حکومـەت دووبـارە دەبێتـەوەو لەبەرامبـەر هەڕەشـەکانی حکومەتـدا هەوڵ نادەن، ئەم وەڵامە هەندێك پێناسەی تایبەت لەپرسیار دەخاتە ڕووبەڕووبوونەوەیـەکی زۆرتـرەوە. بـەم چـەمکەی کـە بـەرفراوانی سیاسـی، گـەورەبوونی حـەزی دەسـەڵاتی هاووڵاتیانـە لـە دەسـەڵاتی ئـابووری‌و سیاسـی بەدەسـت هێنـانی ئاسایـشی نەتـەوەیی لـە ڕێگـەی گەورەبوونی حەوزەی دەسەڵاتی هاووڵاتیانـە، لەدەسـەڵاتی ئـابووری و سیاسییەوە بەدەست دێت. لەلایەکی ترەوە لایەنی گشتی لێکولێنـەوەش دیـاری دەکرێـت. بـەم چـەمکە کـە لێکوڵـەر دەبێـت لـە شـوێن لقـە ئـابووریی‌و سیاسـییەکانی بـەرفراوانی سیاسـیدا بـچێت، کـە بـریتین لەچـەندین هۆکـاری وەکـو، پێوانـەی تایبەتمەندییـەکان‌و بەشـداری





کردنـی (بەشـی تایبـەتی) لەئابوریـدا، پێوانـەی ناوەنـدگرای ئـابوری هەڵبـــژاردن و گـــۆڕان و ڕیفـــۆرم لەسیـــستەمی هەڵبـــژاردنی حیزبەکان‌و.... یەکدەستی لێکۆڵینەوە، بەشێوەیەك دڵنیـا دەکـات کـە لێکۆڵینەوە خـۆی لـە چوارچێوەیەکی گشتی دەربازبێت‌و لـە ڕێگـەی لێکۆڵینەوەکەی خۆی لانەدات.

## نموونەی پرسیارە لاوەکییەکان:

دوای دەرخستنی ڕێنمایی پێویست بۆ بەدەستهێنانی پرسیارێکی شـەفاف، باشـترە کـە نمونەیـەك لـە پرسـیارە لاوازوو لاوەکییـەکان بخەینەڕوو تا بەشێوەکی بابـەتی تـر ئـەو کێشانەی کە ڕووبـەڕووی خۆێنـدکاران دەبێتـەوە نیـشان بـدرێت، لـە خـشتەی خـوارەوەدا و لەپلـەکانی یەکەمـدا بەخـستنەڕووی پرسـیارە لاوەکییـەکان‌و لەپلـەی دووهەمیـشدا بەدەرخـستنی پرسـیارە چـاك کراوەکانـەوە خـەریك دەبین.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## خشتەی ژمارە ( ٨ )

## نمونەی پرسیارە لاوەکییەکان و پرسیارە شەفافەکان

| پرسیارە لاوەکییەکان | پرسیارە شەفافەکان |
|---|---|
| ڕۆڵی سیاسەتی ئەمەریکا لەجیهانی سێیەمدا | سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە پەیوەندی لەگەڵ سوریادا لە دەیەی هەشتادا لەژێر کاریگەری چ هۆکارێکی ستراتیژای وئابوری دابووە |
| ڕۆڵی پیشمەرگە لە بەڕێوەبردنی کەلتوری وسەبازیدا | ڕۆڵی پیشمەگە لە شەرە سەربازییەکان لەگەڵ بەعسدا. پەیوەندی فەرهەنگی پێشمەرگە، کەلتوری ئەخلاقی کومەلگای کوردستان لە ساڵەکانی ١٩٩١تا ٢٠٠٧ |
| پێگەی عیراق لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | سیاسەتی دەرەوەی ئێراق لە پەیوەندی لەگەڵ دانوستانەکانی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەردەمی بەڕیز جەلال تاڵەبانی دا |
| ڕۆڵی یەکسانی پارەی ئەوروپا لە مەسەلە نیۆدەولەتییەکاندا | یەکسانی پارەی ئەوروپا کاریگەرییەکی هەیە لە پرۆسەی ئابوری یەکێتیی ئەوروپادا |
| ڕۆڵی ڕاهێنەرە پەروەردەکارەکان لەناواخن کردنی بەهاکانی پێشمەرگە لەدواناوەندییەکانی کچانی سلێمانیدا | ؟ |
| ئایا سەدام توانیبووی لەگەڵ زانایاندا پەیوەندی دروست بکات؟ | ؟ |
| بۆچی وڵاتەکانی جیهان سێیەم نەیانتوانی وەکو وڵاتە پێشەسازییەکان سەربکەون؟ | ؟ |





١ـ پرسیارەکانی ئەم خشتەیە لەنێوان کارەکانی ڕۆژنامەنوسانو خوێندکارەکانی خۆماندا هەڵبژێردراوە.

٢ـ هەڵەی هەندێك لەپرسیارەکان تا ڕادەیەکە، کە بەتەواوی ناتوانین دیاریان بکەین کە ئایا خوێندکار بەدوای چیدا دەگەڕێت.

### * ناونیشانی لێکۆڵینەوەو پرسیاری لێکۆڵینەوە.

زۆرینەی خوێندکاران، پرسیاری لێکۆڵنیەوەی خۆیان لەناونیشانی هەندێك لەکتێبەکان یا وتارەکانەوە وەردەگرنو نائاگان لەوەی کە لەناو ئەم ناونیشانانەدا بەهۆی سەلیقە جۆراوجۆرەکانەوە، ناونیشانێکی گشتی هەیە، کە بەو مانایە نییە نوسەرەکان پرسیاری ڕێکو پێكو گونجاویان پێ نەبێت. بەزۆری لە پێشەکی ئەم جۆرە کتێبو وتارانەدا نوسەرەکان پرسیاری لێکۆڵینەوەی خۆیان بەشێوەیەکی شەفاف دەخەنەڕوو و لە چەند ڕستە(پاراگراف)ێکدا لە چەند لاپەڕەیەکدا بەتەواویی خەریکی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی پرسیارەکانی خۆیان دەبن. خوێندکار دەتوانێت دوای دیاری کردنی چوارچێوەی پرسیاری لێکولینەوەو دوای ئەنجامدانی کاری لێکۆڵینەوەکەی ناونیشانی تەواو لەسەر کاری لێکۆڵینەوەی خۆی بنووسێت. ئەم کارە بەواتای خستنەڕووی پرسیارێکی ناتەواو یان لاوەکی یا پڕ لەکەموکوڕی نییە. هەڵبەتە بۆ ڕێنمایی خوێندکاران بۆ نوسینی دوانامەکانی خۆیان پێویستە، ناونیشانە هەستەوەرەکان

بەکاربهێنن واتە ناونیشانی دوانامەکانی خۆیان بە جۆرێکی تەواو و بەشێوەیەکی شەفاف لەپرسیاری لێکۆڵینەوەکەی خۆیان نیشان بدەن‌و دایبڕێژن.

### * وشەکان‌و زاراوە قورسەکان

هەندێك جار لەشێوازی پرسیارێك، وشەیەك یان زاراوەیەکی قورس، خوێندکار تووشی گرفت دەبێت. لەم ڕووەوە بۆ تێگەیشتنی وردی زاراوەکانی پرسیاری لێکۆڵینەوە، پێویستە خوێندکار بزانێت کە لەلێکۆڵینەوەی زانستی نە تەنها ڕستەکان، بەڵکو زاراوەکانیش قورساییەکیان هەیەو دەبێت گرنگیان پێ بدرێت. بۆ (خشتەی ژمارە ٨).

زاراوەکان لەزانستی مرۆڤایەتیدا هەندێك جار شیکردنەوەیەکی جیاوازو جۆراجۆریان لەسەر دەکرێت، هەندێك جار خوێندکار هەست‌و پێناسەیەکی وردی بۆ زاراوەکان نییەو بەهۆی ئەوەکە زاراوەیەکی زۆر جار وای بیستووە، واهەست دەکات کە واتاو چەمکی ئەو زاراوەیە دەزانێت. بۆ نمونە بەرفراوانی واتا چییە و مەبەست لە چەسپاندنی((بەرفراوانی سیاسی چییە؟)) خوێندکاران بێ ئەوەی بزانن کە بەرفراوانی سیاسی چەمکێکی هەیە، بۆ نمونە لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی بەرفراوانی سیاسی لەئاسایشی نەتەوەیی عێراقدا ون دەبن و لەبنەڕەتدا ئەم گرنگییانەیان لەبەرچاو نەگرتووەکە چەمکی





بەرفراوانی سیاسی‌و ئاسایشی نەتەوەیی بناسن‌و شیبکەنەوەو دواجار بەڕاڤەکردنی ڕۆڵی بەرفراوانی سیاسی لەئاسایشی نەتەوەییدا سەرگەرم بن. ڕاڤەکردنی پەیوەندی کارێکی گرنگە کە خوێندکار لەچوارچێوەی کاری خۆی دووردەخاتەوە ئەوەش بریتییە لەخەریك نەبوون بەبنەڕەتی پرسیارەوە. پرسیارەکەی سەرەوە، پێویستە پەیوەندی بەرفراوانی سیاسی لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەییدا بدۆزێتەوە، بەڵام هەندێك لەخوێندکاران بەخستنەڕووی هەندێك بابەت‌و تیۆر لەبارەی بەرفراوانی سیاسی‌و هەندێکی تریشیان لەبارەی ئاسایشی نەتەوەییەوە خەریك دەبن‌و لەبنەڕەتی پرسیارەکەیان کە دۆزینەوەو ڕاڤەکردنی ((پێوەندی))یە بێ ئاگان[1].

### ئەنجام:

پرسیارو پرسیارکردن هونەرە، هونەرێکە کە ناسکی‌و وردبینییەکی تایبەتی هەیە لەگەڵ ئەندازیاری‌و پرسیاری لێکۆڵینەوەدا. بۆ شەفاف کردنی پرسیاری لێکۆڵینەوە، دەتوانین سوود لەهەندێك تەکنیك وەرگرین. لێکۆڵەر دەبێت سەرەتا خوێندنێکی سەرەتایی لەبارەی بابەتێکدا هەبێت کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات، پرسیاری شەفاف لەنەزانینی ڕەوا لەسەر شتێك بەدیی ناکرێت بەبێ

[1] کتابنامە دلاور، علی. مبانی نظری‌و عملی پژوهش در علوم انسانی واجتماعی. تهران، انتشارات دشد، ١٣٧٤.

بوونی دوورنەمایەکی گشتی لەبارەی لێکۆڵینەوەوە. لێکوڵەر بەجیاوازی کەرتە جۆراوجۆرەکانی بابەتی لێکۆڵینەوەوە ون دەبێت. ئەم جیاوازییە دەتوانێت چەمکی بێت یا کاتی یان شوێنی. لەسێبەری ئەم جیاوازییانەدا لێکۆڵەر دەتوانێت بەدیاری کردنی سنوورەکانی پرسیاری خۆیەوە خەریك بێت و لە گشتی بوونی پرسیارەکە خۆی دووربخاتەوە. لە هەمان کاتیشدا لێکوڵەر دەتوانێت بەناسین‌و پێناسەی چەمکەکان، پرسیارەکانی خۆی شەفاف بکات.

لەبەشی سێیەم‌و دواییدا، بەلەبەرچاوگرتنی گرنگی ستراکتۆرسازی کە لەباسەکانی پێشوودا خستومەتەڕوو، بەشێوەیەکی پراکتیکیانە داڕشتنی ستراکتورسازی سیاسییەکان‌و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان باس دەکەین.

١. دروست کردنی ناوەندێکی توێژینەوە.

٢. دەست نیشانکردنی سنوورو چوارچێوەی بابەتی‌و چەمکی توێژینەوەکە.

٣. دروست کردنی ئەو ئامێرانەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە توێژەر لە توێژینەوەکەی خۆی بکۆڵێتەوە.

لەداڕشتنی ستراکتوری لێکۆڵینەوەدا، لەخوارەوە بەشرۆڤەکردنی دە بنەمای بنەڕەتییەوە خەریك دەبین. بەڵام ناوبردنی ئەم خاڵە گرنگی زۆری هەیە لەداڕشتنی لێکۆڵینەوەدا پەنجا لەسەدی





لێکۆڵینەوەیە. بنەمای ئەم باسە پێشتر باس کراوە. ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە بێ بایەخ تر نییە. چونکە ڕێبازە جیاوازەکان، ناوەڕۆکێکی جیاوازیان لێ دەردەکەوێت. هەروەها، داڕشتن‌و هەڵبژاردنی دروستی ڕێبازی خوێندن گرنگی هەیە لەچۆنایەتی لێکۆڵینەوەدا. لەکەلتوری زانستی باوی ئێمەدا بەهۆی بێ بایەخی ڕێبازو ڕێبازناسی، بەرهەمی لێکۆڵینەوەکەمان سەرەنجام بەشێوەیەکی نادیار دەخرێتەڕوو. بەم هۆیەوە زانست ڕەهەندێکی کەڵەکەبوو لەبازنەیەکی تایبەت وەکو کۆمەڵناسی یان زانستی ڕامیاری نادۆزێتەوە، لەکاتێکدا لەوڵاتە پیشەسازییەکاندا، توێژینەوە لەسەر بابەتێك پەیوەندی لەگەڵ بازنەیەکی گەورەتری توێژینەوەی ئەو وڵاتەدا هەیەو پرسیارو بابەت‌و ئەندێشەیەکی نوێ دەخاتەڕوو. ئەنجامی ئەم بابەتە بەکورتی ئەوەیە کە بەئاگابوون لەڕێبازناسی، دەبێتە هۆی بەرفراوانی‌و چاکسازی لەتوێژینەوەدا.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ده بنەمای دارشتنی ستراکتوری بابەتی توێژینەوە

ئـەم ده بنەمایــە، لەدارشــتنی ســتراکتوری بابــەتی توێژینــەوەدا ڕێبازی زانستی سیاسیو پەیوەندی نێودەوڵەتی نیشات دەدات:

١. دارشتنی بابەت.

٢. هۆیەکانی هەڵبژاردنی بابەت.

٣. شرۆڤەکردنی ئەو بابەتەی کە لەبەر دەستدایە.

٤. پرسیاری سەرەکی.

٥. پرسیارە لاوەکییەکان.

٦. گریمانەکان.

٧ ـ چەمك (چەمکەکان).

٨ ـ گۆڕاوەکان.

٩ ـ ڕێبازی لێکۆڵینەوە .

١٠ ـ ئۆرگانیزەکردنی توێژینەوە.

لێـرەدا خـاڵ بـە خـاڵی ئـەم بنەمایانـە بـاس دەکـەینو نموونـەیان لەسەر دەهێنینەوە:

### ١. دارشتنی بابەت:

مەبەسـت لەدارشـتنی بابـەت ئەوەیـە کـە توێـژەر شـوێنو کـاتی بابەتەکـەو خـاڵی سـەرەکی خـۆی لەپرۆسـەی توێژینەوەکەیـدا دیـاری بکـات. خـستنەڕووی توێژینەوەکـە دەبێـت بەچەشـنێك بێـت کـە



ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا

بەلایــەنی کەمــەوە مــەودای هــەبێت لــەنێوان ئــەمو خوێنــەردا. بەواتایەکی تر، توێژەر دەبێت بەڕاشکاوی چوارچێوەکانی بابەتەکەی خۆی دەربخاتو خوێنەر نەخاتە ناو گومانو ئاڵۆزییەوە.

سەرنجێ لەم دوو نمونەیەی خوارەوە بدەن:

چاکسازییەکانی ئەمیر کەبیر[١]و ستراکتورەکانی دەسەڵات لەئێراندا

أ/ لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا، مەبەسـت ئەوەیـە کـە کـاتی حـوکمڕانی ئەمیرکەبیر شرۆڤە بکـەینو لـێی بکۆڵینـەوە، ئاسایی لەپێـشەکییەکی کورتدا، باسی هاتنە سەرکاری حوکمڕانی ئەمیرکـەبیر بکـەین. دوایـی، ئەندێشەکانو کاریگەری چاکسازییەکانی ئەنالیزە بکەین.

تـەنها دەتـوانین بـەناواخنی ئەوانـە ئامـاژە بکـەین کـە لێکۆڵـەر مەبەســتی نییــە بــەناو وردەکارییەکانیــدا بــڕوات. مەبەســتی لێکۆڵینەوەو نووسینی ڕووداوەکانی سەردەمی حوکمڕانی ئەمیرکـەبیر نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی چڕ لەڕەوتی سەرهەڵدانو گەشەکردنی ئەو دەکۆڵێتەوە.

شــرۆڤەکردنی هۆکارەکــانی تەکنــەلۆژیای نــاوخۆیی لەتیاچــوونی یەکێتی سۆڤیەتدا

[١] یەکێکە لەوەزیرەکانی قاجاری لەئێران لەکاتی دەسەڵاتی نەسرەدین شا، کە وەزیرێکی نوێ خوازبوو.

ب/ ئەم لێکۆڵینەوەیە، مەبەستی شرۆڤە کردنی هۆکارەکانی تیاچوونی یەکێتی سۆڤیەتە، کە بەڕادەیەك دەچێتە ناو شرۆڤە مێژووییەکانەوە کە لەزانینی تەواوی لەناوچوونی یەکێتی سۆڤیەتدا، کاریگەری هەبێت.

زۆرینەی لێکۆڵینەوەکە لەڕوانگەی مێژووییەوە لەسەردەمانی ((برژنێف))و بەر لەبرژنێفەوە تا سەرهەڵدانی (گۆرباچۆڤ) دەکۆڵێتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە، سەرقاڵی هۆکارە ناوخۆییەکانی لەناوچوونی یەکێتی سۆڤیەت دەبێتو ناچێتە ناو زەمینە بزوێنەرە نێودەوڵەتییەکانەوە.

لەزانینی هۆکارە ناوخۆییەکانیشدا ئاماژە بەزۆرێك لەهۆکارەکان دەداتو دوایش ڕیزبەندێکی هۆکاری دەخرێتە ڕوو، هەندێك جار، لەوانەیە، ئاماژە بدرێت بەهەندێك لەو بزوێنەرانەی کە لەتیاچوونی یەکێتی سۆڤیەتدا کاریگەریان هەبووە.

لەباس کردنی ئەم مەسەلەیەدا، ئەندێشەکان، ستراکتوورەکان، ناوەندەکان، ئەنستیتۆکانو کەسایەتییەکان وەکو بنکەکانی هەڵسەنگاندن شرۆڤەو ڕاڤە دەکرێن.

دیاری کردنی کاتی توێژینەوە/ لەسەردەمی سەرۆك کۆمار (گۆرباچۆڤ)دا

هەروەها دەبینین لەڕستەبەندییە کورتەکاندا، ڕیزبەندییەکان، دیاریکەری چوارچێوەی کاتیو جوگرافیایی باسەکەن بۆ خوێنەر. کە





لەڕستەبەندییەکانی داڕشتنی بابەتدا، لێکۆڵەر دەبێ بایەخی پێ بدات تا خۆی بەدوور بگرێت لەبەکارهێنانی وشەی بێ چەمکداو بەزمانێکی ڕۆشنو شەفاف، لەگەڵ خوێنەردا، نزیکایەتییەکی ئەقڵیانە بکات. بەشێوەیەکی باو خوێنەر نابێت لەخستنەڕووی داڕشتنی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرێکەوە، هەوڵ بدات تا ئاڵۆزییەکانی ئەو لەزەینی خۆیدا چارەسەر بکات.

## ٢/ هۆیەکانی هەڵبژاردنی بابەت

خستنەڕووی هۆ یان هۆیەکانی هەڵبژاردنی بابەتەکە بۆ خوێنەر، دەتوانێت خوێندنەوە دروست بکات. توێژینەوە دەتوانێت کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆر لەخۆ کۆ بکاتەوە.

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەت، دەتوانێت بریتی بێت لەم خاڵانەی لای خوارەوە:

- دڵخوازی هاوپۆل، مامۆستا یان هاوڕێیەکی نزیك.
- بەدواداگەڕانی خودبینانە بەهۆی خوێندنەوەوە.
- ئەزمونی ڕاستەوخۆ لەگەڵ مەسەلەکەدا.
- هۆکاری زانستی بەهۆی چەمکبوونی یان ئەنالیزەبوونی مەسەلەکەوە.
- خوێندنی کتێب یان وتارێك لەبارەی بابەتەکەوە.
- هۆیەکانی تر.

خستنەڕووی هۆ، یان هۆیەکانی هەڵبژاردنی بابەتو خستنەڕووی چەند پاراگرافێك لەبارەی چۆنیەتی دەستپێکردنی توێژەر بۆ بابەتەکە، جەدی بوونی بابەتەکە نیشان دەداتو مەیلە تاکە کەسییەکانی توێژەر بەزانینی باشتر دەناسێنێت.

### ٣/ شرۆڤەکردنی نوسراوە بەردەستەکان

لەم بەشەدا، توێژەر ئەو ئەرکەی لەئەستۆدایە کە هۆکارێك بخاتەڕوو بۆئەوەی کە خوێنەر ڕەزامەند بێت، کە توێژینەوەکەی کارێکی نوێو نادووبارەیە. باشترین شێوەی سەلماندنی ئەم وتەیە، پێداچوونەوەیەکی گشتیو لاوەکییە لەو نوسراوانەی کە لەبەردەستدایە لەبارەی ئەو بابەتە هەڵبژێردراوەی کە توێژینەوەی لەسەر دەکرێت. بۆ نموونە لەپەیوەندی بابەتی توێژینەوەکەی ئەمیر کەبیر.

لێکۆڵەرێك دوای شرۆڤەکردنی کتێبو وتارەکانی توێژینەوەکەی بەردەستی خۆی، دەبێت ئاماژە بکات بەوەی کە چاکسازییەکانی جەوهەری ئەمیر کەبیر چۆن توانی ڕووداوەکانی دەسەڵات جێبەجێ بکات.

لەبارەی دۆزینەوەی تایبەتمەندییەکانی بەرهەم یان بەرهەمەکانی زانایەك یان فەیلەسوفێك یان هونەرمەندێك، بێجگە لەخوێندنی بەرهەمەکان، دەبێت ئەو نامەو دەستنووسانەی کە لەوبارەوە هەیە،





فەراهەم بکەنو بەوردی شرۆڤەیان بکەین. هەرچی ئاشنایمان لەبارەی توێژینەوەی پێشینان زیاتر بێت، باشتر دەتوانین لەتوێژینەوەکە قووڵ ببینەوە. بەگشتی، داهێنان لەگەڵ ئەوەی کە لەئەندێشەی تاکێکەوە هەڵدەقوڵێ، ئەنجامی لۆجیکی ئەندێشەکانی گروپێك لەجەماوەرە.

(نیۆتۆن) سەرکەوتنی زانستی خۆی بەقەرزارباری پێشینان، بەتایبەت (ئەرستۆ) و(دیکارت)و(کیپ لرو)و(گالیلە) دەزانی. لەسەر ئەو خاڵە جەخت دەکاتەوە کە: ئەگەر توانیبێتم(تیشکەکان) هەندێك دوورتر لە کەسانی تر تەماشا بکەم، بەو هۆیەوە بووە کە لەسەر شانی ئەژدیهاکان وەستاوم.

بەڕاستی بەبێ سیستەمی فیکری ئەرستۆ، بەهیچ شێوەیەك سیستەمە فەلسەفییەکانی (کانت)و (هیگل) بەئەنجام نەدەگیشتن. هەر نموونەیەك لەداهێنانە گەورەکان وەکو: مۆدیلی ئەتۆم، چەندین قۆناغی گەورەیان تێپەڕاندووە.

یەکەمین مۆدیلی ئەتۆم لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەهۆی (تام سۆن) (Thmson)ەوە دروست بوو. دوایی بۆر(Bohr) لەسەر بنەمای دۆزینەوەی ئەلکترۆن بەهۆی تام سۆنەوەو دۆزینەوەی تیشکی نادیار بەهۆی رونت گن(Roentgen)و دۆزینەوەی ئەتۆم بەهۆی ڕازر فوردە (Ruther ford)و داهێنانی تیۆری کوان تۆم بەهۆی پلانك (Planck) و دۆزینەوەی فۆتۆن بەهۆی ئالبێرت ئەنشتاینو ...

ئەتومی بە مۆدیلێکی گران تر نەمایش کرا. ئەو کات ڕازر فۆردو ئەیفانکۆ(lvanenko )هەندێك مۆدیلی پێگەیشتووتریان دروست کرد[١].

توێژەر، دەتوانێت دوایی ئاماژە بەوە بکات کە لێکۆڵینەوەکەی تەنیا لەماددە خاوەکاندا بەکاری هێناوە، هەروەها هەندێك دۆکیومێنتی نوێیشی هێناوەتە دەست. خاڵی بنەڕەتی ئەو لەشیکردنەوەو شرۆڤەکردن لەمەدایە کە چاکسازییەکانی ئەمیر کەبیر، ستراکتوری دەسەڵاتو بڕیاردانی لەئێراندا بەسودی بنەڕەتی ڕیفۆرمیستەکانو بەزیانی خاوەن دەسەڵاتدارە لۆکاڵییەکان گۆڕی. شرۆڤەکردنی میکانیزمەکانی ئەم گۆڕانو نوێبوونەوەیە، دەتوانێت لەنوسراوەکانی پەیوەندیدار بەئەمیر کەبیر شتێکی نوێ بێت. لەبارەی شکستی یەکێتی سۆڤیەتەوە دەتوانین بۆ نموونە ئاماژە بکەین بەمەسەلە ئابورییەکان یان حزبییەکان، یان تەکنۆلۆجییەکان یان کولتوورییەکان یان تێکەڵێك لەهەموویان.

ڕەنگە، بەگشتی لێکۆڵەرەکان تا ئێستا تەنها ئاماژەیان بەمەسەلە نێودەوڵەتییەکان کردبێت لەشکستی یەکێتی سۆڤیەتدا. ئەم توێژینەوەیە، ئەو مەبەستەی هەیە کە بەمەسەلە ناوخۆییەکانو

[١]E.A.Burtt metaphysical foun dations of modern physica science p.202...





پێشخستنی مەسەلەکانی سیاسی یان ئابووری یان تەکنەلۆجیاوە خەریك بێت. لێکۆڵەر دەبێت دوای شرۆڤەکردنی کورتی نوسراوەکانی بەردەست، هەستێت بەجیاوازی هەر کام لەوانەو سەرگەرمی بەناوەندی کردنی توێژینەوەکەی خۆی بێت تا شەفاف بوونی کاری خۆی بسەلمێنێت. بەزۆری لەکارە زانستییە جدییەکانو لەنامەی دکتۆرادا، توێژەر بۆ ماوەیەك لێکۆڵینەوە دەخوێنێتەوە تا خاڵە ئاڵۆزو کوێرەکانو ئەوانەی کە هێشتا دەرنەکەوتوون لەبابەتەکەدا بدۆزێتەوەو شرۆڤەکردنی نوسراوەکانی بەردەست لەنێوان دە بنەماکە، زۆرترین ساحەی بۆ خۆی تایبەت کردووە.

### ٤/ پرسیاری سەرەکی


هەر لێکۆڵینەوەیەك، پرسیارێکی توێژینەوەیی دەگرێتەبەر، بەشێوازێکی تر، سەرجەم لێکۆڵینەوەکە لەبەدواداگەڕانێکی ڕاستیو لەناوەندێکی قورسی زانستییەوە سەرچاوە دەگرێت. مەبەست لەم کارە، دروست کردنی ناوەندێکی تەواوە لەپرۆسەی لێکۆڵینەوەکەدا. بوونی پرسیارێکی زانستی، دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی ماددە خاوەکان لەدەستەی خۆیانداو توێژەر لەڕەوتی کارەکەیدا بۆ هەندێك ڕێگەی تر لانەدات.

بەدوو پرسیاری بنەڕەتی خوارەوە کە لەبارەی دوو بابەتەکەوە، هەڵبژێردراوە سەرنج بدەن:

أ/ چاکسازییەکانی "ئەمیر کەبیر" بەسوودی کێ بوو، کە ستراکتوری دەسەلاتی سەردەمی "ناسری" گۆڕی؟

ب/ بارودۆخ، ناوەخنو پێکهاتەی تەکنۆلۆژیای ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت چ پەیوەندییەکی لەگەڵ شکستی ئەم حکومەتەدا هەیە؟

لەدوو پرسیارە بنەڕەتییەکە لەنێوان چەندین ڕەگەزدا پەیوەندی دێتە ئاراوە.








## ٥/ پرسیارە لاوەکییەکان

پرسیاری بنەڕەتی هەر لێکۆڵینەوەیەك دەگۆڕێت بۆ هەندێك پرسیاری لاوەکی. بەگشتی پرسیارە لاوەکییەکان، یەکسانن لەگەڵ وەستانەکانی(فاصلە) توێژینەوەکەدا. سەرنج لەنموونەکانی خوارەوە بدەن:

**پرسیاری بنەڕەتی:**

**چاکسازییەکانی "ئەمیر کەبیر" بەسوودی چ بالێك بوو، کە ستراکتۆرەکانی دەسەڵاتی سەردەمی "ناسری" گۆڕی؟**

**پرسیاری لاوەکی:**

**بەشی یەکەم/ پرۆژەی لێکۆڵینەوە (دە بنەماکە)**

**بەشی دووەم/ ستراکتۆرو سەرچاوەکانی دەسەڵات: شرۆڤەکردنێکی تیۆری.**

**بەشی سێیەم/ ستراکتۆری دەسەڵات پێش ئەمیر کەبیر.**

**بەشی چوارەم/ چاکسازییەکانی ئەمیر کەبیرو کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەمرۆ.**

**بەشی پێنجەم/ زەمینەکانی لاوازبوونی ئەمیر کەبیر.**

**ئەنجام/ وێناکردنی ئاراستەی هەڵسانەوەو شکستی ئەمیر کەبیر: قەیرانی ستراکتۆری دەسەڵات لە ئێرانی سەردەمی ناسری دا.**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**پرسیاری بنەڕەتی:**

بارودۆخ، ناوخنو پێکهاتەی تەکنۆلۆجیای ناوخۆی یەکێتی سۆڤیەت چ پێوەندییەکی لەگەڵ شکستی ئەم حکومەتەدا هەیە؟

**پرسیارە لاوەکییەکان:**

**بەشی یەکەم/** پرۆژەی لێکۆڵینەوە (دە بنەماکە)

**بەشی دووهەم/** شرۆڤەکردنی کێشە ستراکتۆرییەکانی یەکێتی سۆڤیەت لەسەرەتای دامەزراندنەوە.

**بەشی سێیەم/** سەردەمی "برژنێف": شرۆڤەکردنی کێشە تەکنەلۆجیاکانو دەسەڵاتی نەتەوەیی.

**بەشی چوارەم/** سەردەمی "چرنینکۆف" و "ئاندرۆپۆف": شرۆڤەکردنی کێشە تەکنۆلۆجیاکانو دەسەڵاتی نەتەوەیی.

**بەشی پێنجەم/** سەردەمی گۆرباچۆف: هەوڵدان لەپێناو بەرزکردنەوەی توانستە تەکنەلۆژییەکاندا.

**بەشی شەشەم/** ئەنجام: شکستی یەکێتی سۆڤیەتو بارودۆخی تەکنۆلۆجیایی: ناکۆکی نێوان دەسەڵاتی میللیو توانستی بەدەست هێنانی داهاتی میللی.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ٦/ گریمانەکان

هەر لێکۆڵینەوەیەك، وەکو هەر بینایەك پێویستی بەبنەڕەتێکی پتەو هەیە. ئەوەی کە لەچاو توێژەرێك، بەگریمانە دەژمێردرێت بۆ چوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەك، بنەما یا بنەماگەلێکی تایبەتی هەیە، هەڵبەتە لەوانەیە، گریمانەی لێکۆڵەرێك، گریمانەی لێکۆڵەرێکی تربێت.

گریمانەی توێژینەوە، یارمەتی لێکۆڵەر دەدات کە لەڕێگای ئامانجێکی تایبەتو دیاری کراودا بیر بکاتەوە ـ گریمانەی توێژینەوە ئەو ماوەیە بەئێمە دەدات کە بەپرسیارە گشتییەکان یان بەپرسیارە نارێکەکانەوە خەریك نەبین. گریمانە چەندین گۆڕاو لەخۆ دەگرێت، هەروەها پرسیاریش دەتوانێت چەندین گۆڕاو لەخۆ بگرێت.

سەلماندنی گریمانە لەڕێگەی سەلماندنی نێوان گۆڕاوەکانەوە دێتە دی. با سەرنج لەم نموونەیەی خوارەوە بدەین!

ڕۆڵی چەرچڵ لەشەڕی جیهانی دوهەم؟

چەرچڵ بوو بەهۆی توندبوونی شەڕ.

لێرەوە ئێمە دوو جۆر گۆڕاومان هەیە.

توندبوونی شەڕی جیهانی دووهەم، هۆکاری، سیاسەتەکانی چەرچڵ بوو

**گۆڕاوی وابەستە** **گۆڕاوی سەربەخۆ**

چەرچڵ لەسەر شەڕ کاریگەری هەبوو.

**گۆڕاوی سەربەخۆ** **گۆڕاوی وابەستە**

بەهەرحاڵ، ئەوەی کە بەلای لێکۆڵەرێکەوە، گریمانەی پێ دەوترێت ئەوەیە کە بنەمایەکی بۆ بسەلمێندرێتو پلەی بۆ دابنرێت. هەر لێکۆڵینەوەیەك دەتوانێت چەندین گریمانەی هەبێت. هەرچی گریمانەکان لەکاری لێکۆڵینەوە زیاتربێت کاری زانستیمان وردبینانەتر دەبێت. لێکۆڵەر دەبێت هەوڵ بدات کە لەبنەما ڕۆشنەکان دوورە پەرێزی نەکاتو گریمانەکان بە پرسیاری بنەڕەتییەوە پێوەندیدار بەلێکۆڵینەوەکەی خۆیەوە بکات. لەدرێژایی لێکۆڵینەوەکەدا بەبنەڕەتی بوونی گریمانە ئاماژە دەکەین:

ا/ گریمانەی ئاشکرا: چاکسازییەکانی "ئەمیر کەبیر" ستراکتۆری دەسەلاتی لەئێراندا گۆڕی.

ا/ گریمانەی زانستی: خاوەن دەسەلاتەکان لەسەردەمی ئەمیر کەبیردا، نەیاری چاکسازییە یاسایی‌و سیاسیەکان بوون.

ب/ گریمانەی ئاشکرا: تەکنۆلۆجیا لە بەردەوام بوونی حکومەتێکدا کاریگەری هەیە.

ب/ گریمانەی زانستی: لیڤڵی تەکنۆلۆجیای یەکێتی سۆڤیەت، لەگەڵ ئیدەئالەکانی دەسەلاتی میللی‌و جیهانی خۆیدا هاوتا نەدەکرا.





بۆ زانای زانستی سیاسی، سروشتییە کە چاکسازی لە کۆمەڵگایەکدا، گۆڕان لە ستراکتۆری دەسەلاتدا دروست بکات. هەروەها، دەرخستنیشی پێویست ناکات، لەوانەیە بۆ ئەندازیارێك زۆر ئاڵۆزو سەر سوڕ هێنەربێت.

گریمانە دەبێت هەروەکو کلیلێك لەدەستی خوێنەردا بێت تا بە قووڵایی زەینی توێژەر بگات. لەگریمانەی زانستیدا، خستنەڕووی نەیارەکانی خاوەن دەسەلات، بنەمایەکە کە نیشاندەری بارودۆخی ستراکتوری دەسەلات لەسەردەمی "ئەمیر کەبیر"دا تارادەیەك هەنگاوێکە لەڕەوتێکی ڕوونتر بوونی چوارچێوەی فیکری توێژەردا. لەنمونەی دووهەمیش هەر وەهایە. پەیوەندی تەکنۆلۆجی‌و مانەوەی دەسەلاتێکی گەورە، پەیوەندییەکی ئاشکرایە. بەڵام لەگریمانەی دووهەمدا، ئاماژە دەکات بۆ ڕادەی تەکنۆلۆجیاو هاوسەنگی ئەوان لەگەڵ چاوەڕوانییەکانی لەدەسەلات بە باش نازانێت، زاراوەی تەکنۆلۆجیا لەگریمانەی ئاشکرا، ئەندازە بەدەر نییەو بەشێوەیەکی گشتی بەکار دەهێنرێت. لەکاتێکدا کەگریمانەی دووەم، پەیوەندی نا هاوسەنگی نێوان دوو پێکاتە دەخاتە ڕوو.

مەبەست لەگریمانەکە، ئەگەری وەڵامدانەوەی پرسیارە سەرەکییەکەی لێکۆڵینەوەکەیە. گریمانە جیاوازەکان، لەخستنە ڕووی لێکۆڵینەوەیەك، وەڵامە داسەپاو رکە بەرەکان بە پرسیارە سەرەکیەکان دێنێتە دی. گریمانە، ڕستەیەکی هەواڵیانەو پەیوەندی

هۆکاریی‌و چۆنیەتی کەوتنە ژێرکاریگەری دیاردەکان دەست نیشان دەکات.

**لەم خاڵانەدا بوونی چەند گریمانەیەکی ڕکەبەر دەتوانێت میتۆدی کاری زانستی دەربخات.**

ا/ یاساییبونی حکومەت لەبەر چاکسازییەکانی ئەمیر کە بیر، ناوەندەکانی بڕیاردان‌و خاوەن پارەکانی گەورەی بە سودی کۆمەڵگا گۆڕی. هاوکاری بیانییەکان لەگەڵ ڕەگەزەکانی نەیاری چاکسازی لەناوەوە، (ئەمیر کەبیر)ی کەم لاواز کرد. (ئەمیر کەبیر) کە خۆی بازنەیەکی چاکسازی بوو دامەزراوەیەکی ڕیفۆرمیستی بەدی هێنا بوو، لەگەڵ زۆربوونی فشارەکان شۆك گەلێکی زۆری بینی‌و لەدوایشدا لەناوبرا.

ب/ زۆربوونی پلە بەپلەی بەڵێنەکانی نێو نەتەوەیی یەکێتی سۆڤیەت، کێشە گەلێکی دیاری نێوان دەسەڵاتی جیهانی. ئینشوورانسی پێداویستەکانی ناوخۆیی دروست کرد. دابەزینی تەکنۆلۆجیای یەکێتی سۆڤیەت بە بەراورد لەگەڵ ئەمریکادا، وەلامدانەوەی داواکارییەکانی پەیوەندیدار بە سامان، بۆ پاراستنی بارودۆخی جیهانی وەلامدەری پێداویستییەکانی ناوخۆیی بێت.

پەیوەندی پێچەوانە نێوان تەکنۆلۆجیاو دەسەڵات، لەبناغەی گرنگی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتە. گریمانە کردن دەبێت بەجۆرێك





بنوسرێت کە جێگای ڕستەکان نەتوانرێت بگۆڕێت. لەگریمانە "الف"دا، وەکوو نموونە ناتوانین ڕستەی یەکەم جێ بەجێ بکەین. هەروەها گریمانەیەك دەبێت پەیوەندی هۆکارەکان‌و زنجیرەی پێکهاتەکان پێکەوە نیشان بدات.

ڕیزبەندی لەگریمانەسازی زۆر گرنگە، بەکارهێنانی زاراوەگەلێکی وەکوو، ڕەنگە گرنگە، گرنگتر، بەرزتر، خوارتر، بە دڵنیاییەوە کاریگەری هەیە، هتد.. بابەتێك چارسەر ناکات و زەینی خوێنەریش ئاڵۆز دەهێڵێتەوە. توێژەر لەجیاتی ئەوەی کە بنوسێت، کاریگەری هەیە، دەبێت، بڵێین چۆن کاریگەری هەیە، دەربڕینی وەکوو، بەرزترو خوارترو، هەڵواسراون‌و کاریگەرییان نییە، گریمانەسازی لەبەشە قورسەکانی داڕشتنەو پێویستی بەپشتگیرییەکی تێڕامانی ورد هەیە.

توێژەر گریمانەی ناوێت بەڵکو، دەبێت لەسەر بنەمای خوێندنەوە، بەشرۆڤە کردنی بینراوەکان‌و تێڕامانە سەرەتاییەکانەوە خەریك بێت.

### ٧/ چەمك ( چەمکەکان )

مەبەست لەچەمك، کەڵك وەرگرتنە لەوشەی ئەبستراکتی‌و هەڵبژێردراوە نێوان پێکهاتەکان. چەمك، زاراوەیەکی نامێژوویی‌و ناشرۆڤەییە. کاتێك تێگەیشتنی ڕووداوەکان لەقوتەلەیێك

دەژمێرڕێت‌و بە وردی دەردەچێت‌و لەیەك زاراوەی كورت دەناسرێت، ئەوكات حوكمی چەمك دەدۆزێتەوە. چەمك سازی لەزانستی سیاسی‌و پەیوەندی نێودەوڵەتی بەهۆی فراوانی ماددە خاوەكان، كاریگەری زۆر كەڵكدارە لەچوارچێوە دانانی بەشەكان‌و وەرگرتنی ماددەی خاوو خستنەڕووی ستراكتۆرەكان. هەروەها، چەمكسازی ئامرازێك لەدرێژایی ستراكتورسازییە، بەڵام لەهەموو توێژینەوەكان بەكار ناچێت‌و هەندێك لەتوێژەران بەس بە شرۆڤەكردن قەناعەت دەكەن‌و كەمتر چەمك بەكاردەهێنن. ڕەهایی، ئابوری گەرایی، دەسەڵات، خەڵك سالاری، بەرفراوانی، یەك پۆش بوونی كەلتوری تاكگەرایی، ناوچەگەرایی، نێونەتەوەیكردنی ناسنامەی تاكەكان، نوێ سازی، ستراكتۆرسازی، ڕەفتارگەرایی، یاسایبوون، شارستانیەت. هەموویان چەمكگەلێكن كە لەزانستی سیاسی‌و پەیوەندی نێودەوڵەتی بەكاردەچن. لەپەیوەندی نێوان بابەتی (ئەمیركەبیر)و (یەكێتی سۆڤیەت)، دەتوانین ئاماژە بكەینە چەمكەكانی خوارەوە.

ا/ ڕیفۆرمیسم (چاك گەرایی)

ب/ دەسەڵاتخواز

لەناوەڕۆكی توێژینەوەی ئەلفدا، باسی چاك گەراییەو سەرنجامی ئەو لەگۆڕەپانی دەسەڵات‌و دابەشكردنی دەسەڵات‌و دابەشكردنی باس كرا. تەواویی گۆڕانكارییەكانی سەردەمی ئەمیركەبیر كە ڕەنگدانەوەكانی ڕاستەقینەی سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئابوری‌و





نێودەوڵەتی بووە، دەتوانین لە زاراوەی ڕیفۆرمیسم یان چاك گەرایی كورتی بكەینەوە.

لەپەیوەندی لەگەڵ یەكێتی سۆڤیەتدا، ڕەنگە لەچەمكی دەسەڵات وەكو قورسایی ناوەند لەچەمكێك بەهرەو سود وەرگرین، بە جۆرێك كە هۆكاری هاتنی گۆرباچۆف‌و چاكسازییەكانی لەسەر بنەمای شرۆڤە كردن، زیندووكەرەوەی دەسەڵاتی نەتەوەیی شوورەویی بووبێت. ناوەندی ئەم زیندبوونەوەی دەسەڵاتە، بەرزبونەوەی ڕووی تەكنۆلۆجیا لەتەواوی وڵات بوو.

ناكۆكی نێوان دەسەڵاتخوازیی‌و تەكنۆلۆجیای لاواز، زەمینەكانی هەڵوەشانی شورەویی هێنایە ئارا. بەم پێیە، چەمكەكان‌و هەڵچوڕاوە ئەبستراكتەكان لەو مادە خاوانەن كە لەبەخشینی سنترال بە توێژینەوەكانی كاریگەری زانستیانەدا كاریگەر دەبێت.

### ٨/ گۆڕاوەكان

گۆڕاوەكان دەبێت بەدوو واتا، سوودی لێوەرگرین.


یەكەم/ ئەوەی كە گۆڕاوەكان، بەرهەمی ئەو چەمكانەن[١]


دوهەم/ بە واتای گۆڕاوەكانی سەربەخۆ یان وابەستە.

---

[١] طاهری، ابو القاسم، روش تحقیق در علوم سیاسی، تهران: نشر قومس، ١٣٨٠، ص ٥٦ ـ ٥٧.

مەبەست لەبەکارهێنانی یەکەم خاڵ ئەوەیە کە توێژەر بۆ ڕاستییەکانی چەمکێك، سوود لەبینینەکان وەردەگرێت، بۆ نموونە:








ئەم دابەشکردنە تەواو زنجیرەی چەمکی‌و بابەتی‌و ڕاستگۆیی توێژەر بۆ خوێنەری لێکۆڵینەوە دیاری دەکات‌و چەمکەکان لەپێشەوەی ڕاستییەکان‌و گرنگی چەمکەسازی لەباسکردنی گریمانەکانی توێژنەوەکە دەخاتە ڕوو.

لەبارەی بابەتی دووەم، خستنەڕووی گۆڕاوەکانی سەربەخۆو وابەستە. پۆلێن بەندی هۆکارەکان دەناسێنێت. گۆڕاوە سەربەخۆکان، پێکهاتەی دیاری کراو یان پرسیاری سەرەکی وەڵام دەداتەوەو بە شێوەی ناونیشانی بەشەکان، هۆکارەکانی لێکۆڵینەوەکە دەژمێردرێت. گۆڕاوو وابەستەکان پرسیاریان لێدەکرێت‌و ڕوون دەکرێنەوە (١). چەند نموونەیێك بۆ دەست نیشانکردنی گۆڕاوە سەربەخۆکان‌و وابەستەکان.

گریمانەی ١- مووچەی بەرزی کارمەندەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هۆکارەکەی بەرزبوونی چالاکییە.

گۆڕاوی سەربەخۆ/ مووچەی بەرز

گۆڕاوی وابەستە/ چالاکی‌و پسپۆڕی

گریمانەی ٢ـ لیهاتوویی خوێندکارانێك کە خولی کۆمپیوتەریان بینیوە زیاترە لەخوێندکارانێك کە ئەم خولەیان نەبینیوە.

گۆڕاوی سەربەخۆ/ خوێندکارانێ کە خولی کۆمپیوتەریان بینیوە لەچاو خوێندکارانێ کە ئەم خولەیان نەبینیوە.

گۆڕاوی وابەستە/ لێهاتوویی.

گریمانەی ٣ ـ ئاستی بەرزی خوێندەواری دایكو باوك دەبێتە هۆی پێشكەوتنی خوێندەواری منداڵان.

گۆڕاوی سەربەخۆ/ ئاستی بەرزی خوێندەواری دایكو باوك.

گۆڕاوی وابەستە/ پێشكەوتنی خوێندەواری

گریمانەی ٤ـ نێوان بەرزبوونی بەرهەم هێنانی نەوتی وڵاتەكانی ئەندامی ئۆپێكو دابەزینی بەهای نەوت، پێوەندییەكی دولایەنەی هەیە.

گۆڕاوی سەربەخۆ/ بەرزبوونی بەرهەم هێنانی نەوت

گۆڕاوی وابەستە/ دابەزینی بەهای نەوت

گریمانەی ٥ـ فشارە سیاسییەكانی ناوخۆیی وڵاتانی سێهەم، ڕۆڵێكی كاریگەریان هەیە لەسەر پەنابەری سیاسی.

گۆڕاوی سەربەخۆ/ فشارە سیاسییەكان

گۆڕاوی وابەستە/ پەنابەری سیاسی.

گریمانەی ٦ـ ڕێژەی بەشداریكردنی جەماوەر لەهەڵبـژاردن لەوڵاتە دیموكراسییەكاندا زیاترە وەك لەوڵاتە دیكتاتۆرییەكان.

گۆڕاوی سەربەخۆ/ وڵاتە دیموكراسییەكانو دیكتاتۆرییەكان.

گۆڕاوی وابەستە/ بەشداری كردنی جەماوەر لەهەڵبژاردن.

گریمانەی ٧ـ نەبوونی حكومەتی یاسا، دەبێتە هۆی قەیرانی مشروعییەت.

گۆڕاوی سەربەخۆ/ نەبوونی حكومەتی یاسا





گۆڕاوی وابەستە/ قەیرانی مشروعییەت

گریمانەی ٨ ـ ئازادی حیزبەكان لەوڵاتی هیندستان زیاترە لەوڵاتی پاكستان.

گۆڕاوی سەربەخۆ/ وڵاتی هیندستانو پاكستان.

گۆڕاوی وابەستە/ ئازادی حیزبەكان

گریمانەی ٩ـ هەرچی ڕێژەی خوێندەواری نەتەوەیەك بەرزبێتەوە، سیستەمی حكومەتی ئەو وڵاتە دیموكراتیتر دەبێت.

گۆڕاوی سەربەخۆ/ ڕێژەی خوێندەواری نەتەوە

گۆڕاوی وابەستە/ سیستەمی حكومەتی دیموكراتیك

گریمانەی ١٠ ـ یاسا نێو دەوڵەتییەكان ڕۆڵێكی زۆر كاریگەریان لەسەر كەم بوونەوەی سزاكانی دژ بەمرۆڤایەتی .

گۆڕاوی سەربەخۆ/ یاساكانی نێودەوڵەتی

گۆڕاوی وابەستە/ كەمبوونەوەی سزاكانی دژ بەمرۆڤایەتی.

### ٩/ ڕێبازی لێكۆڵینەوە:

مەبەست لەڕێبازی لێكۆڵینەوە لەلایەنی خستنەڕووی لێكۆڵینەوەیە، میتۆدەكانی تاقیكردنەوەی گریمانەو لێ تێگەیشتنو بەرهەمهێنانیەتی. توێژەر لەكام پرۆسە بۆ هەڵسەنگاندنی گریمانەكانی خۆی تێدەپەڕێت؟ ئایا ئەو گفتوگۆ دەكات؟ ئایا لەو

شوێنەی کە ڕووداوێك، ڕووی داوە یان لەکاتی ڕوودانـدا، ئامادە دەبێت؟ ئایا بۆ دیکۆمێنتە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە؟

مەبەستی ئەو کارێکی تیۆرییە یان لێکدانەوەیە یان شرۆڤەکردنە؟

تا چ ڕادەیەك بە مێژووی پێکهاتەیەك قەناعەت دەکات؟ هەموو لێکۆڵینەوەکان شرۆڤە دەکرێن‌و توێژەر لەزانستی سیاسی‌و پەیوەندی نێودەوڵەتی بێ شرۆڤەو دەرخستنی تێڕوانینەکانی خۆی ناتوانێت بە تێگەیشتن‌و بەرهەمهێنان بگات. پرۆسەی کۆکردنەوەی مادە خاوەکانی توێژینەوەو شێوەکانی پۆلێن بەندی‌و دوایش تێگەیشتن لەوانە، ڕەنگە گرنگی بابەتی لێکۆڵینەوەیەك بگۆڕێت. ـ دوو توێژەری جیا لەلێکۆڵینەوەیەکدا لەبارەی بابەتێك دەتوانن چەندین پرۆسەی جیاواز بەکاربهێنن‌و لەبیناى لێکۆڵینەوەکە، لەجۆرەها میتۆدی جیاوازکەڵك وەردەگرن وبگەن بە دوو ئەنجامی دژ بەیەك وەکوو ئەوەی کە توێژەرێ لەکتێبخانەکانی سلێمانیدا، کرماشان ناسی بکات، لەگەڵ توێژەرێك کە چەندین ساڵ لەنزیکەوە، کرماشانی بینیبێت‌و لەگەڵیان ژیابێت، زۆر جیاوازە.

گرنگی بینینی ڕاستەوخۆ لەزانستی سیاسی‌و پەیوەندی نێودەوڵەتی وەك دەورەی نەخۆشەوانی خوێندکارێکی کۆلیژی پزیشکییە. ئەوەی کە لەباسی ڕێبازی لێکۆڵینەوە گرنگییەکی زۆری پێدراوە، تایبەتمەندێتی بوونی ڕێبازی لێکۆڵینەوە لەهەر بابەتێکی لێکۆڵینەوەدایە. ستراکتۆر داڕشتن‌و خستنەڕووی کرماشان ناسی





لەگەڵ سلێمانی ناسیدا زۆر جیاوازە. هونەری توێژەر لەوەدایە، کە دەرخستنێکی وردی لەبابەتی لێکۆڵینەوەکەی بخاتە ڕووو بە چەندین بەلگەگەلی هاوسەنگ، هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ڕێبازی تایبەتی خۆد لەزانینی پێکهاتەیەك بلاوبکاتەوە.

### ١٠/ ئۆرگانیزەکردنی لێکۆڵینەوە.

بەشی ئۆرگانیزەکردنی لێکۆڵینەوە لەداڕشتنی لێکۆڵینەوەکان، بۆ ناوەڕۆکی بەشەکان‌و ئەو بەشانەی کە لەتوێژینەوەیەکدا هەڵبژێردراوە، پێوەندیدارە. توێژەر دەبێت لەچەند ڕستەیەکدا، شرۆڤەیەك دەربارەی چۆنیەتی پۆلێن بەندییەکان‌و بەش کردنەکانی کاری خۆیان ڕوون بکاتەوە. چ هۆکارێکی هەیە، لەکارێکی توێژینەوەیی، ئۆرگانیزەکردنی توێژینەوە بەسێ بەش‌و هەشت بەش یان لەتوێژینەوەیەکی تردا، بە دووبەش یان شەش بەش دابەش بکرێت، لەم بەشەدا دەبێت توێژەر ئاماژە بە لۆجیکی زنجیرەی بەشەکان‌و فەسڵەکانی کاری خۆی بکات. لەبەر چ هۆکارێك لەیەك بەشدا لەپێشەوە یان لەهۆکارێکی تر لەبەشێکی تر لەدواوە دادەنێت. بەهەند وەرگرتن‌و وردەکاریی لەخستنەڕووی لۆجیکی ئۆرگانیزەکردنی توێژینەوەکە لەگواستنەوەی زەینی توێژەر بۆ خوێنەر زۆر کاریگەرەو ئەو بۆ ڕەزامەندکردنی وەرگر لە توێژینەوەکانیدا هاندەر بێت.

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

## جۆرەکانی توێژینەوە:

### ١ـ توێژینەوەی مێژوویی

ئەم جۆرە لەتوێژینەوە، توێژەر دوای دەست نیشانکردنو ڕێکخستنی بابەتی لێکۆڵینەوە، دەبێت لەبیری هەڵبژاردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەدا بێت، ئامانج لەهەڵبژاردنی ڕێباز ئەوەیە کە دیاری بکەین، چ ڕێبازێکی لێکۆڵینەوە، بۆ شرۆڤەی بابەتێکی تایبەت پێویستەو ئەوەی کە کام یەك لەڕێبازەکان بۆ خوێندنەوەیەکی تایبەت، باشترین ڕێبازە، پەیوەندی بەشێوەی پێناسەی مەسەلەو نوسینی گریمانەوە هەیە.

مەسەلەیەکی گشتی دەتوانین بەچەند ڕێبازێك شرۆڤەی بکەین. هەروەها، هەڵبژاردنی ڕێباز، پەیوەندی بەبابەتی لێکۆڵینەوەوە هەیەو هەربابەتێك، ڕێبازێك دەخوازێت.

ئێمە، مێژوو بۆ ناسینی ڕابردوو بەکاردەهێنینو لەڕێگەی مێژوویشەوە هەوڵ دەدەین ئێستامان لەتیشکی ڕووداوەکانو گۆڕانکارییەکانی ڕابردوو بناسین، لێکدانو شرۆڤەکرنی مێژوو ڕەنگە بەتاکێك یان بیروڕایەك یا بزوتنەوەیەك یان دامەزراوەیەك





مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پەیوەندی هەبێت. لەگەڵ ئەمانەشدا، ناتوانین هیچ کام لەم بابەتانە، بەشێوەیەکی جیاو بەتەنهایی بخوێنینەوە[1].

زاراوەی مێژوو بەچەندین جۆری جیاواز بەکاردەهێنرێت. هەروەها، ئەگەر بمانەوێ ڕوانگەی توێژینەوەی مێژوویی دیاری بکەین، شرۆڤەیەکی کورت یان ئاشناییەکی گشتی لەگەڵ ناسنامەی ئەو مێژووەدا بەفراوانی پێویست دێتە بەرچاو.

لەسەر بنەمای وتە کۆنەکانی یۆنان، مێژوو بەواتای توێژینەوە بەمەبەستی دووبارە سازی ئەوەی کە لەڕابردوودا ڕووی داوەو تاڕادەیەك تەنانەت لەئەمڕۆشدا ڕوودەداتو ئەوبەشە لەفێربوونە کەخوێندنو تۆماری ڕابردوو باس دەکات.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەی مێژوویی، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ئەوەی کە لەڕابردوودا ڕووی داوە. توێژینەوەی مێژوویی، لەو کۆمەڵە توێژینەوانەی کەلەسەر بابەتێکی دیار، کە لەڕابردوداو بڕگەیەکی زەمەنی دیاریکراوە، ئەنجام بدرێت. هەوڵی توێژەر لەڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەسەر ئەوەیە کە ڕاستییەکانی ڕابردوو، لەڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری، بەهاو شرۆڤەی ڕاستو جێگیربوونی ئەم زانیاریانە، بەشێوەیەکی ڕێکخراوو دیاربخاتە

[1] ـ قائمی، علی. روش تحقیق با تأکید برمکتب شناسی، تهران، انتشارات امیری، ١٣٦٨، ص ١٧١.

ئاراوەو سەرەنجامی توێژینەوەکە، بەرگری لێبکرێت لەپەیوەندی لەگەڵ گریمانەکانی تایبەت بەتوێژینەوەوە (١).

## ئامانجی لێکۆڵینەوەی مێژوویی

١ـ خوێندنەوەی مێژووی پێشکەوتنی دەوڵەتان و ڕووداوەکانی ڕابردوو، واتا خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو بەمەبەستی ئاشنایی لەرەوتی ژیانی مرۆڤەکانی پێشوو.

٢ـ بەخوێندنەوەیەکی پێوانەکردنی ڕووداوە مێژووییەکان، واتا لەرێگەی پێوانەی ڕووداوە مێژووییەکانەوە پەی بەیەکسانی ڕووداوە مێژووییەکان دەبەین. یەکێك لەئامانجە گەورەکانی مێژوو ناسان، وەرگرتن و ناسینی ئەم ڕێکخستنە مێژووییە دووبارەکردنی مێژووە[1].

٣ـ خوێندنی هۆکارەکانی ڕووداوە مێژووییەکان، واتا دۆزینەوەی هۆکارەکان و ڕوودانی ئەو ڕووداوە مێژووییانە، ئەم ڕووە لەخوێندنەوە مێژووییەکان، بزوێنەری سەرەکی و ڕەسەنی مەیلداری و ئاواتەکانی مێژوونوسە بۆ بەدەستهێنانی ڕاستییەکانی ڕابردوو. ئەم مەیلدارییە شتێك نییە جگە لەوابەستە بوون بەڕاستی، واتا ئاواتی زانین لەئەوەی کە لەڕابردوودا ڕووی داوە.

1ـ بهروز بنوی، همان کتێب، لاپەڕەی ٥٣





## تایبەتمەندییەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی/

لەکۆکردنەوەی داواکاری و زانیارییە مێژووییەکاندا، دەبێت سەرنج بدەینە ئەوەی کە ئایا ئەو زانیاریانەی کە کۆکراونەتەوە لەسەرچاوەیەکی ڕەسەنەوەن، یان نارەسەن؟ نوسینی کۆمەڵەی دووەم هەمیشە دەبێت بەمەرجی ئیحتیات قبوڵ بکرێت، هەروەها ئایا ڕەخنەیەك لەداواکارییە کۆکراوەکان، تائێستا هەبووە یان نا؟

بەسەرنجدان بەو ڕەخنانەی کە ئەنجام دراون، زانیارییە کۆکراوەکان لەلایەنی هەڵسەنگاندن و ئیعتمادێکی زانستی و بەهایەکی زانستی دەبێت هەڵبسەنگێندرێت.

لەکۆکردنەوەی زانیارییە مێژووییەکاندا دەبێت ئەوپەڕی وردی بەکاربهێنین و خۆ ئەگەر ناچاربین نوسینێك کورت بکەینەوە، نابێت وا بکەین کە زیانێك بەناوەڕۆك بگەیەندرێت.

لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەهەندێك زانیارییەوە وابەستەیە کە لەرێگەی کەسانی ترەوە ئامادەکراوەو دەبینرێت.

## سەرچاوە مێژووییەکان/

۱. سەرچاوە نووسراوەکان:

وەکوو: سەرگوزەشتەکان، بەرهەمە ئەدەبییەکان، فەلسەفییەکان، کتێبەکان، گۆڤارەکان، ڕۆژنامەکان، شرۆڤەی ڕووداوە مێژوویییەکان، ڕووداوە ساڵانەکان، ساڵنامەکان، بایوگرافی تاکەکان، شیکردنەوەی بیرەوەرییەکان، نامەکان، یاداشتەکانی ڕۆژانە، داری پۆلێنکاری(شجره النسب)، داکیومینتە مێژوویییەکانو سەفەرنامەکان.

۲. سەرچاوە سینەبەسینەییەکان: سەرچاوەیەکن کەسینە بەسینەی نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دەچێت. ئەم سەرچاوانە بریتین لە: پۆلێنەکان، هەڵبەستەکان، چیرۆکەکان، ئەفسانەکان، نوکتەکان، فۆلکلۆرو دابو نەریتی نەتەوەکان.

۳. سەرچاوە هونەرییەکان: وەکوو، وێنە مێژوویییەکان، پەیکەرە مێژووییەکانو گەچکارییەکانو هتد...

٤ــ سەرچاوە مادییەکان: وەکوو: گۆزەکان، پوولەکان، پەردە نەقشدارەکان، هتد...

٥ـ سەرچاوە بیستراو بینراوەکان: مێژووی ڕابردوو لەسەرچاوە بینراو بیسراوەکان پڕپیت نییە، بەڵام ئەم سەرچاوانە کەم کەم لەڕێگەی فیلم "کاسێتی دەنگی" ڤەوان، ڤیدیو، لەناو سەرچاوە مێژوویییەکان گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە.





٦ــ سەرچاوە بینایییەکان: کۆن بوونی سەرچاوە بینایییەکان لەهەموو سەرچاوە ناوبراوەکان، زۆرترەو توێژینەوەو گەڕانی ئاسەوار ناسان ڕۆژبەڕۆژ، گرنگی ئەم بابەتە زیاد دەکات، وەکو: بینایە مێژووییەکان، گۆڕستانەکان، گەڕەکە کۆنەکان، گوزارشتی کۆمسیۆنە جیاوازەکان، بڕیارنامەکانو هتد....[1]

### ۲- توێژینەوەی وەسفی

ئامانج لەهەندێك لێکۆڵینەوە، وەسفی خاڵ بەخاڵی بارودۆخێك کە لەکۆمەڵێك هەلومەرج دایە. مەبەست لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا، وەڵامدانەوە بە چەندین پرسیار وەکوو چەند؟ چ کەسێك؟ و چ ڕووداوێك دەیەوێ ڕووبدات؟ لێکولنیەوەی وەسفی،ئەوەی کە هەیە وەسف و شرۆڤەدەکات وبەهەلومەرجەکان یان پیوەندییە ئامادەبووکان، بیروڕا ناسراوەکان، پرۆسەکانو بەرهەمە دیارەکان سەرنج دەدات. سەرنجی ئەو، بەپلەی یەکەم بەئێستاوە وا بەستەیە، هەرچەندە، هەندێك جار ڕووداوەکانو بەرهەمەکانی ڕابردوویش بە هەلومەرجەکانی ئێستاوە لە پێوەندیدان، شرۆڤە دەکرێن. مەبەستی توێژەر لەم جۆرە لێکۆڵینەوانەدا، وەسفێکی عەینی، ڕاستەقینەی تایبەتمەندییەکانی بارودۆخێك یان بابەتیکە. بەواتایەکی تر،

[1] ـ طاهری، ابوالقاسم. روش تحقیقو مأخذشناسی، تهران، پیام نور، ۱۳۷٤. ص ٦٩

توێژەر لەتوێژینەوەیەکی لەم چەشنەدا، هەوڵ دەدات تا ئەوەی کە هەیە، بێ هیچ جۆرە هەڵقورتاندنێك یان لە بەرهەمهێنانێکی زەینی گوزارشت بداتو ئەنجامێکی عەینی لەبارودۆخەکە وەربگرێت. بۆ نمونە: شرۆڤەو کۆکردنەوەی بیروڕای جەماوەر لەبارەی پراتیکی نوێنەرانی پەرلەمانی کوردستان یان کۆکردنەوەو شرۆڤەکردنی بیروڕای جەماوەر لەبارەی دەستکەوتەکانی سەرۆك کۆمار (مام جەلال). لەهەر کام لەنموونەکانی ناوبراو، توێژەر تەنها هەلومەرجەکانی، ڕاستەقینەی هەنووکەیی گوزاشت دەداتو بە کەڵك وەرگرتن لەڕێبازە جۆراوجۆرەکان، سەرگەرمی وەسفیان دەبێت. نموونە: توێژەرێکی نوێکار، توێژینەوەیەکی وەسفی لەبارەی کتێبخانەکانی زانکۆی سلێمانی دەس پێدەکاتو بۆ خۆی چەندین ئامانج لەئارادایە:

**ئامانجی گشتی**: شرۆڤەکردنی بارودۆخی هەنوکەیی، کتێبخانەکانی زانکۆی سلێمانی.

١-دیاری کردن ژمارەی گشتی کتێبەکانی کتێبخانەکان.

٢- ئامادەکردنی گوزارشت لەمیزانی خوێندنی خوێندکاران.

٣- ئامادەکردنی گوزارشت لەژمارەی هاتووانی کتێبخانەکان.

٤- ئامادەکردنی گوزارشت لەجۆرو سیستەمی پۆلێن بەندی.

٥- ئامادەکردنی گوزارشت لەجۆری ئەو کتێبانەی کە زۆر ون دەبن.





توێژەر دوای خوێندنو شرۆڤەکردنی وەسفی لەبارودۆخەکە، گوزارشتێکی تەواو لەم خوێندنە بڵاودەکاتەوە. ئەم گوزارشتە وەڵامدانەوە بەئامانجی ژمارە پێنج ئەوەیە کە زۆرینەی ئەو کتێبانەی کە ون دەبن، لەجۆری کتێبە سیاسییەکانن و ئەو بەهەڵە وبێ سەرنج بەئامانجی لێکۆڵینەوە وەسفیەکە, ئەنجامێکی زەینی لەم بابەتە لەگوزارشتی خۆی بەم جۆرە دەخاتەڕوو: یەکێك لەدەستکەوتەکانی توێژینەوە نیشان دەدات کە زۆرینەی ئەو کتێبانەی کە لەکتێبخانەکان ون دەبن لەجۆری سیاسین. لەسەر ئەم بنەمایە خوێندکارانی بەشی زانستی سیاسی دەستیان چەوتە یان دزن. بەم بۆنەوە، کاتێك کە ئەم گوزارشتە بڵا و دەبێتەوە، دەبێتە هۆی بەد تێگەیشتنی جۆراجۆر لەیەك.

لەلێکولێنەوەی وەسفی بەواتای تایبەتی خۆی، توێژەر لەشوێن دۆزینەوەو ڕوونکردنەوەی پەیوەندییەکان، پێکەوە بوونی گریمانەکانو پێشبینی ڕووداوەکاندا نییە. بەڵکو سەرنجی ئەو زیاتر لەلای وەسف کردنو گوزارشتی نوێ لەشوێنەکانو ئەو ڕووداوانەیە کە لەسەر بنەمای (زانیارییە)کەوە (ڕوویەکی) وەسفی هەیە.

لێکۆڵینەوەی وەسفی، بریتییە لەکۆکردنەوەی زانیاری بۆ وەڵامدانەوەی بەچەندین پرسیاری پیوەندیدار بەبارودوخی هەنوکەی بابەتی خوێندنەویە و خونیدنەوەیکی وەسفی چونیەتی دۆخی هەنوکەیی گوزارشتو دەردەخات. نمونەیەکی ناسراویی

لێکۆڵینەوەی وەسفی بریتییە لەهەڵسەنگاندنی بیروڕاکان یان بیروباوەڕەکانی تاکەکان، ڕێکخراوەکان، ڕووداوەکان ڕیفراندۆمەکانی سیاسی پێش هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری یان هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان، چەندین نمونە لەلێکۆڵینەوەی وەسفین. دەستکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی وەسفی، بەگشتی لەڕێگەی، پرسیارنامە، چاوپێکەوتن یان بینینەوە کۆدەبێتەوە.

### ٣. توێژینەوەی مەیدانی:

شرۆڤەکردنی زانستی لەدەرەوەی تاقیکردنەوەدان کە ئامانجیان دەرخستنی پەیوەندیو ڕێککەوتنی نێوان گۆڕاوەکانی کۆمەڵ ناسی، دەروونناسیو فێرکردن لەستراکتۆرەکانی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەن.

بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانین بڵێین: کە هەر خوێندنەوەیەکی زانستی گەورە یان بچووك بەشوێنی پەیوەندییەکان، بەشێوەیەکی سیستماتیك دەگەڕێت گریمانەکان تاقیبکەنەوە، ئەگەر شیاوی تاقیکردنەوەش نەبێتو لەهەلومەرجی ژیانی ڕاستەقینە، وەکو کۆمەڵەکانی لۆکاڵیو لادێیی، عەشایەری، شاری، قوتابخانەکان، کۆمپانیاکان، ڕێکخراوەکانو دامەزراوەکان. خوێندنەوەی مەیدانی لەقەڵەم دەدرێن. توێژەر لەخوێندنەوەی مەیدانی، سەرەتا پێگەی کۆمەڵایەتی یان دامەزراوەیەك لەبەرچاو دەگرێت، دوایش پەیوەندی نێوان بیروڕاکان، بەهاکان، ڕەفتاری تاکەکانو گروپەکانی بەردەست





لەو پێگەدا، دەخوێنێتەوە ئەو دەبێت بەشێوەیەکی دیاری کراو هیچ پێگەیەکی سەربەخۆ دەستکاری نەکات[1].

خوێندنەوە مەیدانییەکان بەدوو جۆر دابەش دەکرێت:-

### گەڕان یان دۆزینەوە

لەم جۆرە خوێندنەوە مەیدانییەدا، توێژەر لەشوێنی بەدەست هێنان، دۆزینەوەو ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان پێشبینییەکان، خوێندنەوەکانی خۆی دەدۆزێتەوەو بەشوێن سێ ئامانجدا دەگەڕێت. دۆزینەوەی گۆڕاوەکانی متمانەدار لەپێگەی مەیدانی، دەرخستنی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانو دروستکردنی زەمینە بۆ کارەکانی دوایی.

[1] مونتی پالمرلاری اشترنو چارلز گایل، نگرشی جدید به علم سیاست، ترجمه منوچهر شجاعی (تهران، دفتر مطالعات سیاسی و بین المملی، ١٣٧١) ص٥.



کتێبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## شێوەی نوسینی گوزارشتی توێژینەوە

((قۆناغـەکانو شـێوەی نووسـینی گوزارشـتی توێژینـەوە، دواناﻤـە، نامەی ئەکادمیك)) هەرچەند، ڕەنگە گوزارشـتی توێژینـەوە، بـەهۆی ڕەوشتە جیاوازەکانەوە بەجۆرێکی بەرچاو جیاوازبن لەیەکتری، بەڵام چاوەڕوانی دەکرێت کە ستایلو شـێوازی ئەوانـە لەسـەر ئەلگۆییـەکی هاوچەشن کە لەحەوزە زانستییەکاندا بەفـەرمی دەناسـرێت، هاوتـایی هەبێت.

لەنووسینو ڕێکخستنی گوزارشتی لێکۆڵینەوە یەك زنجیرە بنەماوو ڕەوشــتی دیــاری کــراو هەیــە، کــە بەرچاوخــستنی ئــەو ڕەوشــتانە لەشــێوەی ڕێکخــستنی توێژینــەوە، دواناﻤــەیان نامــەی ئــەکادمیك پێویـستە. ئاشـنابوونی خوێنـدکارانی خولـەکانی ماسـتەرو دوکتـۆرای زانــستی سیاســیو پەیوەنــدی نێودەوڵــەتی بــەم بنەمایانــە، کــارێکی سەرەکییە.

بۆ نوسـینی گوزارشـتی توێژینـەوە، دوانامـە و نامـەی ئـەکادمیك . توێژەرناچـار دەکـات بنەماییـەك سەرپەرشـتی بکـات، تـا هـەم کـاری دوانامــەو نامەنووســین بــۆ ئــەو ئاســانتربێتو هــەم خوێنــدنی بــۆ خوێنـدەوار شایـستە بێـت. بەگـشتی گوزارشـتی توێژینـەوە، دوانامـەو نامەی زانستی، چەندین بەشو دەروازەیەکی هەیە:

١- ناوەڕۆك





مەکتەبی بیروهۆشیاری

٢- لاپەڕەی ناونیشان

٣- پێشکەش کردن

٤- ناونیشانی وتارەکان

٥- ناونیشانی خشتەکان

٦- ناونیشانی وێنەکانو شێوازەکان

٧- پێش وتار

٨- بەشی یەکەم ـ لێکۆڵینەوەی گشتی

٩- بەشی دووەم ـ سەرنجە تیورییەکان ـ لێکۆڵنیەوە تیورییەکان

١٠- بەشی سێیەم ـ مێژووی کورتی بابەتی لێکۆڵنیەوە

١١- بەشی چوارەم ـ ڕێبازی لێکۆڵینـەوە، کۆمـەڵگای ئامـاری، نموونـە گیری و....

١٢- بەشـی پێنجـەم ـ شـیکردنەوەو شـرۆڤەکردنی پێـدراوەکان یـان زانیارییەکان .

١٣- بەشی شەشەم ـ پوختەی لێکۆڵینەوە، ئەنجامو پێشنیارەکان.

١٤- سەرچاوەکان (کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە).

مەكتەبی بیروهۆشیاری

## ((لاپەڕەی ناونیشانی بەرگ))

یەکەم لاپەرە لەدوانامە، بەرگە،کە بەچەندین شێوازی جیاواز دەنووسرێت. بەڵام ئەوەی کە باوە، ئەمەی لای خوارەوەیە:

ناوی کۆلێج، بۆ گرتنی چەنمرەیەك، بابەت، ئوستادی رێنەما، مامۆستای گفتووگۆکەر، توێژەر، مێژوو.





مەكتەبی بیروهۆشیاری

نمونە:

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زانستی سیاسی

بوگرتنی نمرەی ماستەر، لەزانستی سیاسی دا

بابەت:

(ڕۆڵی حیزبەکان لەگەشەپێدانی ڕامیاریدا، لەنێوان ساڵەکانی ١٩٩١-٢٠٠٦)

((مامۆستای سەرپەشتیکەر))

دکتۆر شۆڕش ئەحمەد

((مامۆستای گفتوگۆکەر))

دوکتۆر احمد نەقیب

کۆکردنەوەو ڕێکخستن:

سارا شێخ موراد

جۆزەدانی ٢٠٠٦

پێشکەش:

ئەگەر گوزارشتی لێکۆڵینەوە، دوانامە یان نامەی تاکە کەس، بەبیرمەندێك یان توێژەرێك پێشکەش بکرێت. جێگای نوسینی پێشکەشەکە لێرەوە دەنوسرێت کە: پێشکەشە بە( )

## کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوەکان

بۆ ئامادەکردنی هەر لێکۆڵینەوەیەك پێویستە دوو فاکتەری سەرەکی لەبەرچا بگرین.

یەکەم:

دۆزینەوەی سەرچاوەکان

دووەهەم:

چۆنێتی کەڵك وەرگرتن لەسەرچاوەکان.

لێرەدا بۆ ئەم دوو فاکتەرە سەرەتاییە، دوو بابەتمان هەڵبژاردووە کە یەکەمیان باسی شێوەی کەڵك وەرگرتنە لەکتێبخانە بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەکانو بابەتی دووەم: چۆنێتی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی زانستییە.

کتێبخانە واتە جێگایەکە تەرخان کراوە بۆ پاراستنی کتێبو هەروەها سەنتەرێکە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێك لەکتێبو ئەو شتانەی وا بە دیتنو بیستن دەتوانین کەڵکیان لێوەربگرین. کتێبخانەکان جگە لەئەرکی دابەشکردنی کتێب بۆ خوازیارو هاتووچۆکەران، ئەرکی دیکەی وەکوو گێڕانی کۆڕی پەخشانو کۆڕی شیعر، ڕێکخستنی پێشانگای بەرهەمی هونەری هونەرمەندانو پێشانگای ئاسەواری جۆراوجۆری کەلتوریو کۆمەڵایەتیو مێژووییو پێشکەشکردنی خزمەتەکانی بینینو بیستن (سمعیو بصری) لەئەستۆیاندایە.





کتێبخانەکان بەهۆی ئەو ئەرکە گەورەو گرنگانەی کە لەناو کۆمەڵگادا هەیانەو پارێزەری کەلەپووری وڵاتێکن، بەپێی ئەو شوێنو کۆمەڵگایەی کە تێیدانو هەروەها بەپێی چۆنیەتی ئەنجامدانی خزمەتەکانی بە چەند ناو ناسراون.

چەند جۆرێك کتێبخانەمان هەیە بۆ وەرگرتنی سەرچاوەکان:

١. کتێبخانەی نەتەوەیی (میللی):

٢. کتێبخانەی تایبەتی (اختصاصی)

٣. کتێبخانەی فێرگە:

٤. کتێبخانەی گشتی:

٥. کتێبخانەی زانستگا:

٦. کتێبخانەی مزگەوت:

٧. کتێبخانەی تاکە کەسی (خصوصی)

## شێوازی کاری کتێبخانە :

کتێبخانەکان بە دوو شێوازی، کتێبخانەی(کراوە)و کتێبخانەی(داخراو) کار دەکەن.

لەهەر یەك لەم شێوازانەدا، کتێبەکان بە پێی بابەت لەتاقەکانی کتێبخانەدا ڕیز دەکرێن. لەشێوازی کراوەدا، گیروگرفتی ئەوتۆ بەرچاو ناکەوێت و خوازیارانی کتێب دەتوانن سەردانی کتێبدانەکە بکەن و پێویستی خۆیان بە ئاسانی بدۆزنەوە، بەو مەرجەی ئەو کتێبە لەکتێدانەکەدا هەبێ.

لەزۆربەی کتێبخانەکاندا، کتێب بە پێی بابەتەکەیان ڕیز دەکرێن[1]. کتێبدارەکان لەم دابەشکردنەدا هەندێ جار تووشی گێرەو کێشە دەبن، واتە دادەمێنن کە کتێبێك لەڕیزی کام بابەتدا دابنێن، چونکە زۆر نووسەری وا هەیە کە کتێبەکەیان باسی بابەتێکی تایبەت ناکاو زۆر جار هەیە هەندێ لەکتێبەکان بە تەواوی ناچنە نێو خانەیەکی تایبەتی دیاری کراوەوە. بۆ وێنە باسی کتێبێك لەسەر خواناسییە بەڵام ئەم باسە لەبڕی شوێنا بۆ فەلسەفەی ئەشراق پەل ئەهاوێژێت.

لەشێوازی داخراودا بەپێچەوانەی شێوازی کراوەوە، خوازیار نابێت بچێتە ژووری کتێبخانەکەوە، بەڵکو دەبێ لەپسوڵەدا بۆ ناونیشانی

[1] ئەم ڕیزکردنە بابەتییە بەپێی دوو شێوەی ((دیزئی))و ((کۆنگرس))ـە، دواتر لەمەڕ ئەم دوو شێوەدا باس کراوە. Dewey Decimal Classification (D.D.C)





کتێبە پێویستەکەی بگەڕێت و بیدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی بزانین کە ئاخۆ ئەو کتێبەی کە ئێمە پێویستمانە لەکتێبخانەکەدا هەیە یان نا؟ چەند ڕێگای جیاواز دابین کراوە کە سەرەکیترینیان کەڵك وەرگرتن لەپسوڵەکانە، پسوڵە لەڕاستیدا پێناس و ناسنامەی کتێبەکانە. ناسین و کەڵك وەرگرتن لەم پسوڵانە، بە زۆری ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبخانانەی کە بەشێوازی داخراوە بەڕێوە دەچێ.

مەبەست لەدانانی ئەم پسوڵانە ڕێنوێنی و ئاگادارکردنی خوازیارە لەکتێبەکانی کتێبخانەکەدا.

پسوڵەکان:

پسوڵەی نووسەر

پسوڵەی ناوی کتێب

پسوڵەی بابەت

پسوڵەی وەرگێڕ

پسوڵەی گەڕێنەرەوە(ارجاع)

لەپسوڵەی نووسەردا، زیاتر بایەخ بە ناوی نووسەر دەدرێ. لەپسوڵەی چەشنی دووهەمدا ناوی کتێبەکە زیاتر لەبەرچاو دەگیرێ و هەروەها لەپسوڵەی بابەتدا، بابەتی نووسراوەکە گرنگە. ناوی وەرگێڕ لەپسوڵەی وەرگێڕدا بایەخی پێدەدرێت. مەبەست

لەدانانی پسولەی گەڕێنەرەوە ڕێنوێنی کردنی خوازیارە بۆ پسولە سەرەکییەکانی کتێب.

ڕیزکردنی ئەم پسولانە لەنێو پسولەکاندا بەپێی ئەلفوبێیە.

ئێستاکە شێوە گەلێکی زۆر بۆ دابەشکردنو ڕیزکردنی کتێب لەکتێبخانەکاندا بەپێی بابەت پێڕەو دەکرێت. وەك:

أ: کۆنگرس[1] / ب/ دیوئی[2] + /ج :کولین+/ {و: دەباری جیهانی/هـ: بلیس/ و: چێهریزەیی/ ز: چەند چێهریزەیی/ع: زنجیرەیی} ، / چەند چەشنێکی تر لەڕیزکردنی کتێبدا هەیە کە بەپێی ڕواڵەتو قەوارەی کتێب واتە ڕەنگی بەرگو ئەندازەی بەرگی کتێب .. دابەش دەکرێ، پێویستە بگوترێ کە ئەم شێوازە بە تەنیا لەکتێبخانە تاکەکەسیەکاندا برەوی هەیە.

لەبەرئەوەی شێوازی دیوئیو کۆنگرس زۆرتر لەوانی تر شێوازێکی ڕیزکردنی بابەت پێڕەو دەکەن ئەم دوو شێوازە بە دوورو درێژی شی دەکەینەوە.

## دابەشکردن بە شێوازی کۆنگرس:

لەم شێوازەدا، دونیای زانست بۆ ٢١ بەشی سەرەکی دابەش دەکرێت.

هەر یەك لەم بەشانە، بە پیتێکی ئەلفوبێی ئینگلیزی دیاری دەکرێن.


[1] Library of congress classification (L. C. C.).
[2] Dewey Decimal classification (D. D. C.).






هەروەها هەندێ جار ئەم بەشانەش بۆ خۆیان پیتێکی دیکەیان لەگەڵ دێتو دەبنە خاوەنی لقی لاوەکی، بۆ وێنە:

بەشی سەرەکی: زانستە گشتییەکان A / زانستی کۆمەڵایەتی H / کشتوکاڵ S / تێکنۆلۆژی T




هەروەها لقی لاوەکی HA (ئامار) بەپێی ئەو ژمارانەی دەدرێتە پاڵی، تایبەتی تر دەبێت.

هەموو لە بواری ئاماردا:



شایانی باسە پێویست ناکات خوازیاران ئەم بەشە سەرەکی و لاوەکی و ژمارانە لەبەرکەن. هەر ئەوەندە بەسە بزانین بەدوای چ بابەتێکدا دەگەڕێن یان ناوی کتێبەکە یان ناوی نووسەرەکەی(یان وەرگێڕ) یان نازناوی نووسەر یان وەرگێڕەکەی بزانن.

لەشێوازی کراوەدا دۆزینەوەی کتێب زۆر سانایە، بەڵام لەشێوازی داخراوەدا دەبێ بۆ دۆزینەوەی کتێب پەنابەرینە بەر پسوڵەدان و کەڵکی لێ وەربگرین. سەرەتا پسوڵەی پێویست(بابەت، نووسەر...)دەدۆزێتەوەو پاشان ئەو ژمارەیەی کە لەلای ڕاستی سەرەوەی پسوڵەکە نووسراوە، هەڵی دەگرین و بە کتێبدارەکەی دەسپێرین.

ئەم ژمارەیە، کتێبدار بەرەو تاقیگەی کتێبەکە ڕێنوێنی دەکات.

سەبارەت بە بابەتێکی تایبەت، ئەتوانین چەند کتێبی دی لەمەڕ ئەو بابەتەوە بدۆزینەوە.

*دابەشکردنی بابەتی لەسەر شێوازی ڕیزکردنی کۆنگرس بەئەلفوبێی ئینگلیزی

A : زانستە گشتییەکان/B: فەلسەفەو ئایین/C:مێژوو/D: مێژووی گشتی و دونیای کەونارا/E.F: مێژووی ئامریکا/G: جوگرافیا، ئەنترۆپۆلۆژی، فەرهەنگ و کەلەپوور، فولکلۆر/H: زانستی کۆمەڵایەتی/J: زانستی رامیاری/K: مافەکان/L: پەروەردەکردن/





M: مۆسیقا/Q:زانیاری ـ زانست/R: پزیشکی/S: کشتو کاڵ/T: تکنۆلۆژی/U: زانستی سەربازی/V: زانستی دەریاوانی/Z: کتێب ناسی و زانستی کتێبداری.

**تایبەتمەندییەکانی شێوازی ڕیزکردنی کۆنگرس:**

١. شێوەی ڕیزکردن لەگشتییەوە بۆ پاژەکان.

٢. بەشە سەرەکییەکان بە یەکێك لەپیتەکانی ئەلفوبێی ئینگلیزی نیشان دەکرێت، P ئەدەب

٣. بەشە لاوەکییەکان بە دوو پیت لەپیتەکانی ئەلفوبێی ئینگلیزی نیشان دەکرێت، P.R: ئەدەبی ئینگلیزی.

٤ـ بۆ دابەشکردنی بابەتە تایبەتەکان لەژمارە سەرەکییەکاندا کەڵك وەردەگرن. ئەم ژمارانە لەیەکەوە دەست پێدەکا تا ٩٩٩.

| | |
|---|---|
| ئەدەبی گشتی و بەراوردکاری | PN |
| مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی | PN1 |
| بلاوکراوە نێونەتەوەییەکان | PN 89 |

٥ـ بۆ دابەشکردنی بابەتەکان بەشێوەی تایبەتی ترو هەروەها دابەشکردنی نەتەوەیی، لە پێکهاتەیەکی ئەلفوبێی و (اعداد اعشاری) بەهرە وەردەگرێت.

٦ـ سەر بەرەنامە(هێڵی گشتی) هەرکەس بەپێی شارەزاییەکەی لەتاقیگەکاندا ڕیزدەکرێت: ئەنیشتاین، فیزیا... Qc.

٧. سەر بەرەنامە گشتییەکان لەبەشی CT ڕیز دەکرێن.

نموونە:

PJA زمخشری، محمود بن عمر (٤٧٦ـ ٥٣٨ ق).

٥م/ ٤١٧٦ المستقصی فی امپال العرب/ ابولقاسم جارالله محمود بن عمر الزمخشری.

٨ ـ بیروت: دار الکتب العلمیه، ١٩٨٧ـ ٢ج.

## شێوازی ڕیزکردنی دیۆئی

لەم شێوازەدا هەروەك شێوازی ڕیزکردنی کۆنگرس، کتێبەکان بەپێی بابەت ڕیزدەکرێن. بەڵام شێوازی ڕیزکردنی بابەتەکان لەم سیستەمەدا لەگەڵ شێوازی ڕیزکردنی لەسیستەمی کۆنگرسدا جیاوازە. ئەمەش بڵێین ئەم شێوازە باشترین و بەکەڵکترین شێوەی دابەشکردنی کتێبە. ئەم شێوازە بۆ یەکەمین جار لەلایەن کەسێك بەناوی "ملویل دیوئی" لەساڵی ١٨٧٦ ی زایینی کە کتێبداری زانستگای (ئەمهێرست) بووە، دانراوە. پاشان لەساڵی ١٨٧٩ ی زایینیدا بەهاریکاری کەسێك بەناوی "جان راسێل یانگ" بەرپرسی یەکێك لەکتێبخانە بەناوبانگەکانی دونیا، گەشەی پێدراو بەم شێوەیە کەئێستا باوە ڕێکخرا.

دیۆئی تەواوی زانستەکانی بە ١٠ بەشی سەرەکی دابەش کردووەو بۆهەر بەشێ ١٠٠ ژمارە ڕەچاوکردووە کتێبەکانی ئەم کتێبخانەیە





بەپێی ئەم ژمارانە لەبچوکترین ژمارەوە دەست پێدەکات و بەگەورەترین ژمارە کۆتایی دێت.

ئەگەر سەبارەت بە بابەتێك چەند کتێبی جیاوازمان لەچەند نووسەری جیاواز هەبێ، ئەم کتێبانە لە تاقیگەیەکدا لەژێر یەك ژمارەی سەرەکیدا دێت کە لەژێر ئەم ژمارە سەرەکییەوە، نێوی نووسەرو نێوی کتێبەکە لەژمارەی ڕێنوێنی پسوڵەکەدا پیشان ئەدرێن.

دابەشکردنی بابەتێ لەسەر شێوازی ڕیزکردنی دیۆئی:

| | |
|---|---|
| ١ـ زانستە گشتییەکان | ٠٩٩ـ ٠٠٠ |
| ٢ـ فەلسەفەو دەروونناسی | ١٩٩ـ ١٠٠ |
| ٣ـ ئایین | ٢٩٩ـ ٢٠٠ |
| ٤ـ زانستی کۆمەڵایەتی | ٣٩٩ـ ٣٠٠ |
| ٥ـ زمان | ٤٩٩ـ ٤٠٠ |
| ٦ـ زانستە نەزەرییەکان | ٥٩٩ـ ٥٠٠ |
| ٧ـ تکنۆلۆژی | ٦٩٩ـ ٦٠٠ |
| ٨ـ هونەرە جوانەکان، وەرزش | ٧٩٩ـ ٧٠٠ |
| ٩ـ ئەدەب | ٨٩٩ـ ٨٠٠ |
| ١٠، مێژوو. جوگرافیا: ژیاننامە | ٩٠٠-٩٩٩ |

لقە لاوەکییەکانی یەکێك لەلقە سەرەکییەکانی شێوازی دیۆئی:

| | |
|---|---|
| زانستە نەزەرییەکان | ٥٩٩ـ ٥٠٠ |

مه کتەبی بیروهۆشیاری

| | |
|---|---|
| بیرکاری | ٥١٠ |
| ئەستێرە ناسی | ٥٢٠ |
| فیزیا | ٥٣٠ |
| کیمیا | ٥٤٠ |
| زوینناسی | ٥٥٠ |
| ئاسەوار ناسی | ٥٦٠ |
| ژیانناسی (ژینگە ناسی) | ٥٧٠ |
| گیا ناسی | ٥٨٠ |
| گیانلەبەر ناسی | ٥٩٠ |

***

**نموونە:**

٨٩٢/٧ رافعی، مصطفی صادق

ت ٢٦٣/ تاریخ آداب العرب، بیروت/ دارالکتب العربی.

ج/ ١٩٧٦ م، ٣ج

***





مه کتەبی بیروهۆشیاری

## تایبە تمەندییەکانی شێوازی ڕیزکردنی دیۆئی:

١. شێوەی ڕیزکردن لەگشتییەوە بۆ پاژەکان.

٢. هەریەك لەبەشە سەرەکیانەی شێوازی دیۆئی بەتاقمێك ژمارە دیاریکراون.

٣. هەریەك لەم بەشە سەرەکیانە بۆخۆیان بە ١٠ بەشی لاوەکیو هەرکام لەم بەشە لاوەکیانەش بە ١٠ بەشی تایبەتی تر دابەش دەکرێن، کە بەیاریدەی (علامت ممیز ویك رقم اعشار) پیشان دەدرێن[١]


## پسوڵەی کتێب:

پێڕست نووسان بۆهەر کتێبێك چەند چەشنە پسوڵە دابین دەکەنو ئەم پسولانە دەخرێنە بەردەستی خوازیارانو هاتووچۆ کەرانەوە. مەبەست لەبوونی چەند پسوڵە بۆ کتێب، ئەوەیە پێڕست نووس گومان دەکات کە ڕەنگە خوازیار ناوی نووسەر بزانێت، بەڵام لەتایبەتمەندییەکانی دیکەی کتێب نائاگابێت. ئەم گریمانەیە ڕەنگە بۆ هەرکام لەپسوڵەکان ڕووبدات بەڵام ئەوەی گرنگە هەبوونی سێ

[١] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
- دانستنی های کتابداری، ناصر مظا هریانی، محمد هادی فقیهی، تهران ١٣٤٨.
- از چاپخانه تا کتابخانه، قاسم صافی، چاپ سوم، تهران ١٣٧٢.

پسولەی گریمانەیە(بابەت، نووسەر، ناوی کتێب) ە کە لەزۆربەی کتێبخانەکاندا هەیەو لەبەشە بنەڕەتییەکانی ئەو کتێبخانەیە، کە بەشێوازی داخراوەوە بەڕێوە دەچن.

## ناوی پسولەکان:




١ـ نووسەر: شێوازی کار لێرەدا لەسەر بنەڕەتی پیتەکان بەپێی ناوی نووسەر ڕەچاو کراوە.

PJ ابن زهیر، کعب (٢٧ ق)

٧٥٥١ دیوان کعب بن زهیر/ کعب بن زهیر - بیروت: دارالکتب العربی، ١٣٧٣، ٢٠٧ ص.

٩ د ٢٤ الف

***





٢ـ ناوی کتێب: شێوازی کار لەم چەشنە پسولانەدا تەنیا لەسەر ریزی پیتەکانو بەپێی ناوی کتێبەکەیە.

بۆ وێنە: پردی سوور/ پیرەمێرد/ پیرانی تەریقەت

٢٩٧ ربیع الابرار ونصوص الاخبار

الزمخشری محمود بن عمر (٤٤٧ـ ٥٣٨ ق) تحقیق: سلیم نعیمی - قم/ الشریف الرضی، ١٤١١، ٤ج. /٥٢ ز

٣ـ ئەگەر سەبارەت بە بابەتێك زانیاریمان پێویست بێتو هیچ چەشنە زانیارییەکمان لەمەڕ ئەو نوسراوانەوە نەبێت کە لەم بەستێنەدا ئاراستەکراوە دەبێ سەیری پسولەی بابەت بکەین. هەندێ جار بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەمەڕ بابەتێك پێویستیمان بەچەندین سەرچاوە هەیە. لەبەرئەوەی ئێمە لەسەرەتادا ناوی ئەو کتێبانە نازانین تەنیا ڕێگەی گەیشتن بەو کتێبانەو دۆزینەوەیان پسولە بابەتە.

بۆئەوەی بتوانین لە پسۆلەی بابەتدا بەئاکامو مەبەستی پێویست بگەین، دەبێ شارەزایی زمانی تایبەتو چەشنی داڕشتنی وشەی ئەم پسۆلەدانە بین. زۆرجار ئەم داڕشتنانە بۆ خوازیار پێشبینی ناکرێن! ئەو داڕشتنە زمانییەی بۆ پێڕستی بابەت بەکاردەهێنرێ، سەرنووسی بابەتی پێ دەگوترێ.

***

**دابەشکردنە لاوەکییەکانی سەرنووسی بابەت:**

تێکڕای ئەو باسانەی کە ئاماژەمان بۆکرد، خاوەنی لقی لاوەکی دیکەن کەئەم دابەشکردنە بەشێوەی بابەت، جوگرافیا یان مێژوو پۆلێن دەکرێ. لقی لاوەکی بەزۆری پاش هێڵی مەودایی (ـ) لەدوای سەرنووسی سەرەکییەوە دێت. بۆ وێنە:

فەلسەفەی یونان ـ کتێب ناسی

ئەدەبی فارسی ـ شیعر

ئەدەبی ئینگلیزی ـ ڕێبازی هێماخوازی (سەمبولیسم)

ـ زۆریەك لەبابەتەکان ئەتوانن ببنە خاوەن لقی لاوەکی:

ئێران ـ باڵندە گۆشت خۆرەکان

ئێران ـ پەروەردەو فێرکردن، منداڵانی ناتەواو (کەم ئەندام)

وەکو یاسایەکی گشتی دەبێ بڵێین لە پسوڵەی بابەتدا ئەبێ سەرەتا بەشوێنی ئەو سەرنووسانەدا بگەڕێن کە تایبەتی ترن، یان لەگەڵ بابەتی مەبەستی ئێمەدا نزیکایەتییەکی زۆریان هەیە. لەهەندێ پسوڵەدا وشەی (گەڕێنەرەوە) کەرەسەیەکە بۆ ڕێنوێنی خوازیار بە سەرنووسی سەرەکی بابەتەکەوە.

***





**٤ ـ گەڕێنەرەوە:**

بەزۆری بۆکاتێکە، خوازیار ناسیاوی لەگەڵ ناوی ڕاستەقینەی بابەتەکە یان ناوی کتێب، نووسەر یان وەرگێڕەکەدا، ئاشنانییەو تەنیا ئاگاداری نازناوی نووسەرەکەیە. ئەم پسوڵە بۆ ڕێنوێنی کردنی ئەم دەستەیە لەخوازیاران لەبەرچاو گیراوە.

**٥ ـ وەرگێڕ:**

شێوازی کار لێرەدا لەسەر بنەڕەتی ڕیزی پیتەکانە بەپێی ناوی وەرگێڕ.

**٦ـ پسوڵەی ڕەف:**

پسوڵەی ڕەف یان پسوڵەی دایك، چاکترین پیشاندەری کتێبەکانی هەموو کتێبخانەکەیەو زۆرتر لەلایەن پێڕست نووسو کتێبدارەکانەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێت کەرەسەیەکە بۆ چاوەدێری کردنی کتێبەکانو دابینکردنی پێڕستی بابەتی بۆ کتێبخانە. ئەم پسوڵە تایبەتە بە پێڕست نووسەکانو بەکەڵکی هاتووچۆکەران نایەت.

**٧ـ پسوڵەی ڕیزی:**

شێوازی دانانی ئەم پسوڵەیە لەپسوڵەدا بەپێی کاتو زەمەنی سەندن یان پێشکەشکردنی کتێبەکەیە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

### ژمارەی ڕێنوێنی (نیشانەی دۆزینەوە):

بۆئەوەی کتێبەکان لەکتێبخانەدا دارشتنێکی گونجاویان هەبێت و لەزۆرترین کاتدا ببینرێنەوە، بەناچاری بەپێی یەکێك لەشێوازە ناسراوەکانی زانستی کتێبداری پۆلێن بکرێن و هەر کتێبێك لەم سیستمەدا ژمارەیەکی تایبەتی پێدەدرێ کە ئەم ژمارەیە ئەو کتێبە تایبەتە لەسەرجەمی کتێبەکانی دی جیادەکاتەوە. ئەو فاکتەرانەی لەژمارەی ڕێنوێنیدا ڕەچاو دەکرێن:

ـ ژمارەی پۆلێن، کە بابەتەکەمان بۆ دیاری دەکات.

ـ نیشانەی نووسەر، کە دەچێتە سەر ژمارەی پۆلێن. ئەم نیشانەیە بۆ جیاکردنەوەی کتێبە لەکتێبە هاوبابەتەکانی دی. لەسیستەمی دیوئیدا نیشانەی نووسەر بەپێی خشتەی "کاتر سن برن" ئامادە دەکرێت و لەسیستەمی کۆنگرسدا بەپێی بزوێن و نەبزوێنە ئینگلیزیەکان دەنووسرێن[1]

### بەزۆری ئەم خاڵانە لە پسوڵەکاندا دەنووسرێن:

١ـ ژمارەی ڕێنوێنی: لەلای ڕاستەوە، لەسەر لاپەڕەکە دەنووسرێت.

٢ـ دواناو ـ ناوی نووسەر، یان کۆڕی هاوکار لەنوسراوەکەدا.

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لاپەڕەی ٤١، گۆڤاری کتێبداری، دەفتەری ٤: ((راهنمای اصول کاتر سن برن))، نووسینی چارلز ئی کاتر، وەرگێڕانی پووری سوڵتانی.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

٣ـ سەردێڕ یان ناوی کتێبەکە.

٤ـ دواناو ـ ناوی وەرگێڕ (ئەگەر بەرهەمەکە وەرگێڕدراوبێت).

٥ـ ژمارەی لاپەڕەکان

٦ـ ساڵی لەچاپ دران.

٧ـ ناوەندی بڵاوکردنەوە.

٨ـ ژمارەی چاپ (زۆریەك لەنوسراوەکان بۆچەند جار چاپ دەبن).

٩ـ ناونیشانی پەخشکار (ناوەندی بڵاوکردنەوەی کتێبەکە).

١٠ـ لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیەك لەچەند دێڕدا.

١١ـ سەرپەرشتی هونەری چاپ.

شایانی باسە ئەو شتانەی کە ناومان بردووە لەپسوڵەکاندا بەرێکەوتی ناوەرۆکی پسوڵەکان ئاڵوگۆڕیان تێدەکەوێ و جێبەجێ دەبن[1].

### چۆن لێکۆڵینەوە ئامادە ئەکەیت بەشێوەیەکی زانایانە[2]

ئەگەر سەرنج بدەینە بەشی زۆری نووسینی کوردی، بگرە عەرەبیش ئەبینین لەسەر بنچینەیەکی زانایانە ئامادە نەکراوە. پەیڕەو نەکردنی نووسین بەشێوەیەکی زانایانە کەموکوڕییەکە نووسەرو خوێندەوار زیانی ئەچێژن نووسەر ئەگەر لەسەر ڕێ و

[1] سەرجەم نموونە پسوڵەکان لەڕووی پسوڵەکانی کتێبخانەی زانستگەی کوردستان وەرگیراوە.

[2] ئەمە دەقی وتارێکی نوری ئەمینە کە لەگۆڤاری زانیاری بڵاوکراوەتەوە.

مه كته بى بيروهوشيارى

ڕێڕەوێکی زانایانە خەریکی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەکەی بێت بەئاسانتر ئەگاتە ئامانجی خۆی و لێکۆڵینەوەکەی ڕێکوپێك و ئاشکرا ئەبێت و خوێندەواریش باشتر لەولێکۆڵینەوەیە ئەگات بۆیە بەپێویستم زانی لێدوانێك لەبارەی چۆنیەتی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەوە بەشێوەیەکی زانایانە پێشکەش بەخوێندەوارانی (زانیاری) بکەم. ئەم لێدوانە هەرچەند ڕێ و شوێن پیشان ئەدات بۆ نووسینی پەڕاو نامیلکە، بەڵام ئامۆژگارییەکانی لەنووسینی وتاری کورت و ڕاپۆرتیشا بەکەڵکە.

## بەشەکانی پەڕاو:

هەموو پەڕاوێك کە ئامادە ئەکرێت بۆ چاپ، لەم بەشانەی خوارەوە پەیدا ئەبێت:

√ ١ـ ناوونیشان.
√ ٢ـ ئاگاداری.
√ ٣ـ ناوەڕۆك.
√ ٤ـ لێکۆڵینەوە.
√ ٥ـ پاشکۆ (Appendix)
√ ٦ـ سەرچاوە (Bibliography)





مه كته بى بيروهوشيارى

### یەکەم ـ ناوونیشان:

ئەبێ نووسەر هەوڵبدات تا ئەتوانێ ناوونیشانی لێکۆڵینەوەکەی کورت بێت و بەکورتی ئەوە دەرخات لەچی ئەدوێت و ڕادەو فراوانی لێدوانەکەی چەندە. ئەم ناوونیشانە جگە لەوەی لەسەر بەرگەکە ئەنووسرێت، ئەبێ پەڕەی یەکەمیشی بۆتەرخان بکرێت، لەم پەڕەیەدا لەسەرەوە ناوونیشانی لێکۆڵینەوەکە ئەنووسرێت، لەپاشا ناوی نووسەر و لەژێرەوە شوێن و ساڵی چاپ کردن دەنووسرێت.

### دووهەم ـ ئاگاداری:

لەم بەشەدا نووسەر ئەو ئاگاداری یارمەتییە باس ئەکات کە لە کەسانی ترەوە وەری گرتووە، یان لەسەرچاوەیەکی بایەخدارەوە، دان ئەنێت بەکەڵك و سوودی ئەو یارمەتییەدا بۆ لێکۆڵینەوەکەی. ئەم بەشە درێژەی پێ نادرێت و زۆرجار لەنێو پەڕە یان پەڕەیەك پتر نابێت. ئەشێت ئەم بەشە بخرێتە کۆتایی سەرەتاوە کە پاشان لێی ئەدوێین.

### سێهەم ـ ناوەڕۆك و چوارچێوەی لێکۆڵینەوە:

بەشی ناوەڕۆك ئەبێت لەپێش بەشی لێکۆڵینەوەوە بنوسرێت و نابێ بخرێتە پەڕەکانی دوایی، وەکوو زۆر لەپەڕاوە کوردی و عەرەبییەکان کە لەسەری ئەڕۆن. ناوەڕۆك دابەش بوونی

نووسینەكەو پەل‌و چڵەكانی پیشان ئەدات. بۆ ڕوون كردنەوەی چۆنیەتی دانانی ناوەڕۆك لەخوارەوە بەشێك لەناوەڕۆكی پەڕاوێك پیشان ئەدەین:

ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ١- سەرەتا ............................ | |
| ٢- كشتوكاڵ ................................................. | |
| باری ئێستە ................................ | |
| فراوانكردنی زەوی‌و زاری كشتوكاڵ ................................... | |
| ١- بەكارهێنانی تراكتۆر ................................... | |
| ٢- بوژاندنەوەی ئاژەڵ ........................................... | |
| ٣- .......... ....................................... | |
| تووتن‌و ئینحیسار ............................... | |
| ٣- پیشەسازی .................................. | |
| نەوت‌و نەوت پالاوتن ................................ | |
| پەرەپێدان بەپیشەسازی ............................ | |
| ٤- ............. - - - - - - - - - - - - ...... | |






نوسینی ناوەڕۆك زۆر پێویست‌و بەكەڵكە، نەك هەربۆ خوێنەدەوار، بەڵكو بۆ نووسەریش. هەروەها كەڵكی بۆخوێندەوار ئاشكرایە، با ئێستا لەكەڵكی بۆ نووسەر بدوێین: ئامادەكردنی ناوەڕۆك پەیوەندی هەیە بە گرنگترین هەنگاو لەنوسیندا كەئەویش ئامادەكردنی چوارچێوەی لێكۆڵینەوەیە. نابێت نووسەر دانانی ناوەڕۆك دوابخات تا لەنوسینەكەی ئەبێتەوە، بەڵكوو پێش ئەوەی دەست پێبكات ئەبێ پلانێكی هەبێت‌و چوارچێوەیەك نەخش بكات كە لەدواییدا ئەبێت بەناوەڕۆك.

لەڕێكخستنی چوارچێوەی لێكۆڵینەوەدا نووسەر باش بۆی ڕوون ئەبێتەوە، كە ئەیەوێت لەچی بدوێت، ئەو دووانە چۆن دابەش ئەبێت‌و پەلوچڵی لێدەبێتەوە. كە سەرنجی دا لەم پەلوچڵانە، بۆی دەرئەكەوێت كە پێویستی بە چ سەرچاوەیەكە بۆ وەرگرتنی زانیاری‌و بۆ داڕشتنی لێكۆڵینەوەكەی. چۆن پاش‌و پێشی لێدوانەكەی ڕێك ئەخات. پێویست نییە ئەم چوارچێوەیە كە نووسەر لەسەرەتادا ڕێكی ئەخات بەتەواوی وەكو خۆی بمێنێتەوە لەكاتی نوسینداو بەپێی ئەو زانیارییانەی نووسەر لەسەرچاوەكان دەستی ئەكەوێت ئەتوانێت دەسكاری بكات تیایدا تا ئەچێتە قاڵبی دوایی خۆی‌و لەگەڵ بڕانەوەی لێكۆڵینەوەكەدا ئەبێت بەناوەڕۆكێكی ڕێك‌و پێك ......

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**چوارەم ـ بەشی لێکۆڵینەوە:**

**واباشە هەموو لێکۆڵینەوەیەك بکرێت بەم پارچانەی لای خوارەوە:**

√ ١ـ سەرەتا

√ ٢ـ لێکۆڵینەوە

√ ٣ـ کورتەو ئەنجام

**هەریەکێك لەم پارچانە پێویستی بەلێدوانە:**

## ١ـ سەرەتا :

پێویست نییە سەرەتا زۆر دوورو درێژبێت، بەڵکو دوو سێ پەڕە ئەشێت ئامانج لەسەرەتا بباتە سەر. نووسەر ئەبێت لەسەرەتادا کارێکی وابکات مەبەست لەلێکۆڵینەوەکەی ڕۆشن بکاتەوە. بەکوورتی ئەو سەرباسانەی کەگرنگن و بنەڕەتین لەلێکۆڵینەوەکەدا، ئەو سەرچاوانەی کە زۆر کەڵکی لێوەرگرتوون، ئەو ئەنجامانەی بۆی دەرکەوتوون، دەبێت تیایدا بییانخاتە ڕوو.





مەکتەبی بیروهۆشیاری

## ٢ـ لێکۆڵینەوە:

**چۆن خۆت ئامادە ئەکەیت بۆنووسین:**

پێش دەسکردن بەنووسین، واچاکە ئەم تێبینییانەی لای خوارەوە بخرێتە بەرچاو:

### أ ـ چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەتی لێدوان:

١ـ نووسەر ئەبێت ئەو بابەتەی هەڵیئەبژێرێت بەهەموو ئارەزوی دڵیەوە لای خۆش بێت و ئارەزوویەکی تەواوی هەبێت لەنووسینیا.

٢ـ توانای وردکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتەی هەبێت و بتوانێت کەڵك لەسەرچاوەکان وەربگرێت.

٣ـ سەرچاوەی دەست بکەوێت بۆئەو بابەتە.

٤ـ لێکۆڵینەوەکەی ئەوەندە بلاونەبێت کە لەتوانایانەبێت لەوماوەیەدا کەهەیەتی تەواوی بکات، یان نووسینی لەوزەی ئەودانەبێت. بۆ وێنە: هەرچەند خۆشە پیاو بتوانێت هەموو مێژووی کوردستان بنووسێت، بەلام ئەگەر بتەوێت زۆر بەوردی لەمێژووی کوردستان بکۆڵێتەوەو شتێکی نوێی تیابدۆزێتەوە، نەك هەرئەوەی کەوتراوە کۆی بکەیتەوە، ئەوا واباشترە لەوەبدوێیت: بۆ شێخ مەحموود سەرنەکەوت لەپێکهێنانی سەربەخۆییدا بۆکوردستانی عیراق؟ هۆی سەرنەگرتنی کۆماری مەهاباد چی بوو؟

**ب ـ مەبەستی لێکۆڵینەوە:**

نووسەر ئەبێت مەبەستی لێکۆڵینەوەکە لەمێشکیا باش ڕۆشن بێتو ڕادەی کەڵکی بۆ خوێندەوار ئاشکرابێت. واباشە چەند دێڕێك لەم بارەیەوە بنوسێت کەپێی ئەوترێت "دیاریکردنی سەرەتایی Preliminary Outline" لەم دیاریکردنەدا بۆ خۆی ڕۆشن ئەکاتەوە ئەو گیروگرفتانەی لێیان ئەدوێت چییە؟ نیازی چییە لەلێکۆڵینەوەی؟ ئەیەوێ چی بکاو تاچ ڕادەیەك ورد ئەبێتەوە؟ کەڵکی لێکۆڵینەوەکەی چییەو بۆکێیە، واتە بۆکێ ئەنووسێت؟ لەڕابردوودا چی کراوە لەم لایەنەوە؟ ئەنجامی چی ئەبێتو چی ئەگەیەنێ.

**ج ـ سەرچاوە:**

سەرچاوەی نووسین گرنگترین شتێکە لەلێکۆڵینەوەی زانایانەدا. پەنا بردنە بەر سەرچاوەو بەکارهێنانو دەرخستنی بەجۆرێکی زانایانە، بەردی بنچینەیە لەهێنانە بەرهەمی لێدوانی بەنرخدا. نووسەرێك کە بییەوێت بیرو باوەڕێك یان زانیارییەکی نوێ بخاتە ڕوو، نابێت پاش خوێندنەوەی چەند پەڕاوێك دەسبداتە پێنووسو دەستبکات بەنووسین. پەنای لەنوسینەکەیدا هەر بیرکردنەوەی خۆی بێت، یان جارجارە گەڕانەوەش بۆ ئەو پەڕاوانە، ئەم جۆرە نووسینە





بۆقوتابییەك ئەشێت کە "داڕشتن" ێك ئامادە ئەکات بۆ مامۆستاکەی نەك بۆ نووسەری لێکۆڵینەوەی ورد.

سەرچاوە زۆر چەشنی هەیە: پەڕاو نوسراوی تر، سەرنج، تاقیکردنەوە، لیستی پرسیار "Qulstionnair"، دواندنی کەسان، ئیشی ناو کارگە، لێکۆڵینەوە تا سەرچاوەکانی زۆرتر لەهەمەڕەنگەبێت، بایەخی زۆرتر ئەبێت.

نووسەر ئەبێت هەوڵ بدات تا ئەتوانێت چی نووسراوە لەوبابەتەوە کەئەیەوێت لەسەری بووەستێت کۆی بکاتەوەو باش بییانخوێنێتەوەو تێیان بگات. نرخو شوێنی خۆیانی بداتێ بەپێی لێکۆڵینەوەی بڕیاربدات کام لەم سەرچاوانە بەکەڵك بێنێت.

بۆئاسانکردنی ئەم ئەرکە کە پێویستترین هەنگاوە لەنوسیندا، واباشە نووسەر کارتی بیلۆگرافیا ئامادەبکات.

مه كته‌بی بیروهزشیاری

## كارتی بیلۆگرافیا چییە؟

كارتێكە ناوونیشانی سەرچاوەكەی لەسەر ئەنوسرێت كەنیازی نووسەر وایە بەكاری بهێنێت. واباشە پانیو درێژی ئەم كارتە ٣× ٥ ئینج بێت. هەركاتێك ژمارەی لەسەر ئەبێت. ئەو نمونەیەی خوارەوە پیشانمان ئەدات كە ئەم كارتە چی لەسەر ئەنووسرێت.

| | |
|---|---|
| ١ | ژمارەی سەرچاوە لەو كتێبخانەیەدا كە تیایەتی |

ناوی نوسەری سەرچاوەكە

ناوی سەرچاوەكە

شوێنی چاپ، ناوی بلاّوكەرەوە، ڕۆژی چاپ

بۆشاییەك بۆنوسینی بایەخدان بەسەرچاوەكەو ئایا كەڵكی تاچ ڕادەیەك بۆ مەبەستی نووسەر، ژمارەی بەش یان ئەولاپەڕانەی ئەیەوێت زانیارییان لیَ وەربگرێت

بۆسەرچاوەی وەكو گۆڤار، ڕۆژنامە، بڕیاری دادگا، یاسا، نوسراوەی تری كارتەكە بەوپێیە ئەگۆڕدرێت. پێویست ناكات بەدرێژی لێی بدوێین. ئەوەی شایانی وتنە ئەوەیە ئەبێت نووسەر ئەوەی لەسەر بنووسێت كەچ خۆیو چ یەكێكی تر بتوانێت بەئاسانی بەهۆی ئەو نووسینەوە سەرچاوەكە بدۆزێتەوە.





مه كته‌بی بیروهزشیاری

## د. نووسینی تێبینی:

ئەبێت نووسەر تێبینی وەرگرێت لەو سەرچاوانەی كە ئەیانخوێنێتەوەو ئەو تێبینیانە بنوسێتەوە لەكارتی تایبەتیدا. نووسینەوەی ئەم تێبینیانە وا باشە بەو شێوەیە بێت كە نووسەر نیازی هەیە بیخاتە لێكۆڵینەوەكەیەوە بۆ ئەوەی لەكاتی دەستپێكردن بە نووسینی لێدوانەكە ناچار نەبێت بە گۆڕینی زۆر. واباشە نووسەر جارە ناجارێك چاوێك بخشێنێتەوە بەو تێبینیانەدا كە وەری گرتوون. لەم پیاچوونەوەیەدا هەوڵ ئەدات كارتەكان ڕێكبخات یەك لە پاش یەك بەپێی پێویستی نووووسینەكەی. ئەم ڕێكخستنە ئەبێت بە گوێرەی ئەو چوارچێوەیە بێت كە داینـاوە. دووبارە خوێندنەوەی ئەو تێبینیانە یارمەتی نووسەر ئەدات كە هەمیشە لێكۆڵینەوەی لەبەرچاو بێت، هەروەها ئەبێت بەهۆی ئەوەی كە وا نیشان بدات چی پێویستە بۆ تەواوكردنی.

### چۆن تێبینی ئامادە ئەكەیت؟

ئەبێ تێبینی لەسەر كارت بنووسرێت. هەر تێبینیەك كارتێكردنێكی تایبەتی خۆی ئەبێت. كەڵكی ئەم كارتانە ئەوەیە نووسەر ئەتوانێت بە ئارەزووی خۆی پاشو پێشیان بخات. ئەوەی

نەیەوێت دووری بخاتەوە یان بیگۆڕێت، کارتی تێبینی واباشە پانی‌و درێژییەکی ٥× ٨ ئینج بێت. لەم کارتەدا ئەمانە ئەنووسرێت:

